کۆمەڵە شیعر

# ئێوارەیەک بەر لەهاتنی مەرگ

**کەژاڵ ئیسماعیل**

پێشکەشە بە تەرزە و ڕەهێڵ، ترێ و ڕەوەز
پێشکەشە بە تۆ

# گوڵ و شێعر و بەفر

پێشکەشە بە کچی گوڵ و شێعر و بەفر: «تەرزە خانم»

**جاران کە وەرزی سارد ئەهات**
**لە دەوری چرایەک خەممان ئەڕشت**
**بۆ چەند تاوێکیش**
**گەمەی لەیادچوونەوەمان سازئەدا**
**شەوەکانی پێش کۆتایی ساڵ**
**هەرکە وەرزی بەفر ئەهات**
**پێکەوە خۆمان سازئەکرد**
**بۆ ئاهەنگێکی سادە**
**ئای گوڵە گەنمیلییەکەم!**
**ئێستا، ئەوە منم من**
**لە داهاتنی وەرزی سارد ئەترسم**
**دوا شەوەکانی سەری ساڵ**
**جەستەم**
**وەک لە پەڵە هەورێکی زستان بەربووبێتەوە**
**دێتە لەرزین**
**ڕەنگم**
**سیایی سیایی**
**دەڵێی لەو شەوە تاریکە هەڵکێشراوە**
**کە بۆ دواجار لە باوەشم گرتی**
**کچێ گوڵم!**

**من لە بارینی بەفر و**
**هەڵوەرینی چەمە باران**
**دڵم سیخناخی خەمێکی گەورە بووە**
**ئێستا چۆن بتوانم**
**لەگەڵ ئەو دەنکە تەرزە ڕەقانەدا**
**گەمە بکەم**
**کە تۆیەکی نەرم و گەرمم هەبێ؟**
**پێیان وایە!**
**وەک شەوە ساردەکانی جاران**
**چرپەیان بە گوێدا ئەکەم.**
**کچێ!**
**ئەی کچی گوڵ و شێعر و بەفر**
**ساڵانێکە**
**گوڵدانەکەم بێ گوڵی گۆنای تۆ**
**بێ گوڵە و**
**دەروونیشم هەروەک دڵم**
**سیخناخە لە شێعرێکی یاخی**
**بەفریش بۆنی پەنجەکانم ناکات**
**ئاخر پەریزادە!**
**دستەکانم چۆن گەرم ببنەوە؟**
**دوور لەو دەستە نەرمانەی**
**لە وەرزی ساردا**
**دوو چۆلەکەی گەرمەسێر بوون**
**هێشتا بۆن و ڕەنگی ماچە تەڕەکانت**
**لە سەر لێوم ڕاکشاون**

**ئیدی بە ماچێکی وشک و بێتامی بووکەڵەیەک**
**لەو کەرویشکەخەوە**
**چۆن ڕایان بچڵەکێنم؟!**
**بۆنی عەتری قژە خاوەکەت**
**کە بە سەر شەوی سەفەرما ئەبارێن**
**سینەمی پڕ کردووە و**
**سەریشت هێشتا وا لە سەر هەنسکم.**
**گوڵم هێشتا**
**ئەسرینەکانی دوا ساتیماڵئاوییمان**
**لە سەر گۆناکانم**
**وشکیان نەکردووە**
**ئیدی چۆن بتوانم**
**بە قاقای پێکەنینێ**
**خۆم هەڵبخەڵەتێنم؟**
**ئەی بۆ ئەم وەرزە ساردە**
**چۆن خۆم ساز بدەم**
**یا لە هاتنی**
**وەرزە ساردەکان نەترسم؟!**

هۆلەندا، 20-12-2005

## ژنێك لە نوور

سپی سپی
وەک سەرپۆشەکەی نەنکم
وەک فریشتە
یا فریشتەیەک لە نوور
لەگۆشەیەکی ژوورەکەمدا
سپی سپی
وەک گەردنی نەنکم
کە خۆر لێی نەدابوو
فریشتەیەک لە نوور
نوورێک
وەک چاوەکانی نەنکم
کە بۆ جارێک ڕقی تێ نەزابوو
سپی سپی
وەک دەستەکانی نەنکم
کە ئێستاش
ئاوی دەستنوێژیان لێ دەچۆڕێت
سپی سپی
وەک ئەو تەوێڵەی
کە ئێستاش شەرمی لێ ئەبارێت
فریشتەیەک لە نوور

ئەمشەو بۆ دیدەنیم هاتبوو
ئەیڕوانییەلاپەڕە سپییەکانی بەردەمم
ئەو لاپەڕانەی چاوەڕێن
سەوزی ژیانیان
لەدوا ئێوارەیەکی گەنمیدا
لەسەر بچێنم
فریشتەیەک سپی
سپی وەک قولاپی نەنکم
کە بە ئاواتەبووم بیانبینم
فریشتەیەک وەک نەنکم
پڕ پڕ لە نوور
ژنێک لەنوور
هەر وەک جاران
بە زەردەخەنەیەکەوە لێی پرسیم
«ـ گەوجە بۆ نەنوستوویت؟
تۆ هەمیشە هەروا بوویت
بەمنداڵی بەگەورەیی!!»
وتم: نەنە
ئۆخەی نەنە
ئەوە دەنگی تۆیە؟
ئەوە ڕەنگی پڕ لە نووری تۆیە؟
چاوەڕێت بووم
زۆر دەمێکە من نەخەوتووم
هەموو شەوێک هەتا درەنگ
لەگەڵ کۆترە سەربڕاوەکاندا

**لەگەڵ گۆرانییەکۆنەکاندا**
**لەگەڵ فتیلەی سەر دیوارە گڵەکاندا**
**لەگەڵ لەگەڵ لەگەڵ**
**لەگەڵ شیعرا**
**بە پەیژەی خەیاڵا**
**بۆ بن پەڵەهەورە نزمەکان**
**سەر ئەکەوین**
**من چاوەڕێی سپی بوونەوە ئەکەم و**
**ئەوانیش هەر یەکەیان**
**شکایەتێک بۆ خودا ئەبەن**
**هەموو شەوێک هەتا درەنگ**
**چاو دەبڕمە ئەو گۆشەیەی**
**تۆ پڕت کردووە لە نوور**
**ئەو گۆشەیەی**
**تاریک تاریک**
**وەک شەوی سەفەر**
**ـ ئەرێ نەنە، بۆ هەموو شەوەکانی سەفەر تاریکن؟!**
**وتی: «ـ گەوجە!**
**بۆ تۆش بەنیازی سەفەر بکەیت؟»**
**ئاخ نەنە من دەمێکە**
**سەفەر وەک هەورە تریشقەی**
**دوای بارانێکی ڕەش**
**سووتاندومی!**
**بۆیە هەموو شەوێک ئەمەوێت سپی ببمەوە**
**پاک ببمەوە**

**خۆ هیچ نەبێت تەنها جارێک**
**پرچی بووکەکەمم راکێشاوە**
**یا پێم ناوە بە مێروولەیەکدا و**
**دەرگای ماڵەوەمانم**
**بەتوندی پێوە داوە!؟**
**پێم پێکەنی وەکو جاران وتی :**
**«ـ گەوجە! ئەوانە تاوان نین**
**تۆ نە پرچی دادپەروەریت ڕاکێشاوە،**
**نەپێت ناوە بە قەبرێکا و**
**نەدەرگای مزگەوتیشت بەتوندی پێوە داوە**
**بۆچیتە پاک بوونەوە؟**
**بۆ چیتە سپی بوونەوە؟»**
**ئای لەو خەمە**
**من کە شیعر بۆ خۆشەویستی ئەنووسم**
**هەتا ئێستا پیاوێک خۆشی نەویستووم**
**کەچی**
**کەچی نەنکم**
**بە گەورەترین چیرۆکی خۆشەویستی**
**باپیرەمی ئەخەواند و**
**بەجۆرێک دیار ئاخر بوون**
**تەنانەت قەبری هەر یەکەیان**
**لەبەشێکی نیشتمانە!**
**منێک  لەخۆشەویستی ئەوان**
**فێری ئەو خۆشەویستییە بووم کە ڕووخاندمی**
**منێک بە نووری نەنکم بووم بەژن**

**کەچی**
**کەچی دوا فرمێسکەکانم**
**نە بارینە سەر پشتی**
**دەستە ساردەوە بووەکانی و**
**دوا هەناسەیم نەکرد بە شیعر**

**ژنێک لە نوور**
**سپی سپی**
**منداڵ منداڵ**
**ئای چەند منداڵ بوومەتەوە**
**بچووک بوومەتەوە!**
**ئەمەوێت پاک ببمەوە**
**سپی ببمەوە**
**خۆ هیچ نەبێت جارێک**
**شەڕم لەگەڵ خۆمدا کردووە**
**یا پەرداخێک ئاوم ڕشتووە و**
**گوڵێکم هەڵوەراندووە.**
**پێم پێکەنی وەکو جاران وتی:**
**«ـ گەوجە! ئەوانە پاک بوونەوەیان بۆ چییە؟**
**نەشەرەت بە زوڵم فرۆشتووە،**
**نەخوێنی ژنێکت رشتووە،**
**نە هەموو گوڵە بەهارەییەکانت هەڵوەراندووە**
**بۆ چیتە پاک بوونەوە؟**
**بۆ چیتە سپی بوونەوە؟»**
**ئەمەوێت وەک تۆ**


www.pertwk.com

سپی سپی
پاک پاک
ڕووناک ڕووناک
بە نووری تۆ بگەرێمەوە بۆ ژیان
بۆ باوەشی ئەو بووکەڵەیەی
کە دایکم نەیئەهێشت یاری پێبکەم
بۆ ناو کۆڕی ئەو هاوڕێیانەی
کە باوکم نەیئەهێشت
موور مووریێنیان لەگەڵدا بکەم
بگەڕێمەوە تا سەرلەنوێ
گەورە ببمەوە
ئەمجارەیان گەورە بوونێکی سپی
گەورە بوونێک
پڕ پڕ لەنوور
پێبکەنم ئەمجارەیان
لەناخی دڵمەوە
ئەمشەو ژنێک لەنوور
ژوورە پڕ لە مەرگەکەمی پڕ کرد لە نوور
بردمیە حزووری تەئەموول*
سپی کردمەوە
ڕووناکی کردمەوە
بچووک بچووکی کردمەوە
پێی وتم :
«ـ چیتر گەورە مەبە
نەبا پیاوێک پێت بڵێت

**بوونی تۆ مەرغووب نییە**
**نەبا پیاوێک پێت بڵێت**
**من گەورەترم لە تۆ**
**چیتر نەگریت**
**چونکە دڵنیام**
**پیاوێک ژیرت ناکاتەوە»**

**هۆلەندا،** 23–07 – 2006

• هەرچیم نووسیوە ڕاستین. هەموو شەوێك ئەمبەنە حزووری تەئەموول، ئەمبەنە حزووری ئەو ماتەمەی نەنکم کە من تێیدا نەگریام.

# شەوەکانی ئەو ژوورە

**لەو ژوورەدا**
**نە هەناسەیەکی چاوەڕوانیی**
**نە خۆزگەیەک بۆ تەمەن،**
**نە زەردەیەک**
**بە لێواری عومرێکی تووڕە و خەماوی،**
**نە ئێوارەیەکی خۆڵەمێشی و**
**نە هەناوێکی ساردەوەبوو**
**نە بزەیەکی ئۆخژناوی**
**بە ڕووخساری جێژوانی ئەوینەوە.**

**ئەو شەوە ساردانەی**
**غەم ئەبێ بە کاڵای ئەشک و**
**لەپی دەستە تەزیوەکان ئەخوێنێتەوە،**
**ڕابردوو**
**ئەنرێتە تابووتەوە و**
**کفن بۆ داهاتوو ئەدروێت**
**تەنها**
**سەمای گڕی مۆمێکی هەڵقرچاوە**
**تارمایی جەستەیەکی نامۆ**
**ئەنێتە سەر دیواری**
**ئەو ژوورە چۆڵەی**

**بۆنی مەرگ**
**زەمەنێکە**
**بە لاجانگی  تەنهاییدا هەڵپڕژاوە.**

**ئەو ژوورە**
**خانمێکە**
**هەموو مێژووەکانی خوێندۆتەوە،**
**تەنها مێژوویەک**
**لە سەر ڕەفەکانی ئۆقرەیان نەگرت!**
**ئەو ژوورە**
**سیمفۆنیایەکە**
**پەنجە نەما**
**سێبەر بە سەر دێڕەکانیدا**
**نەکێشێت،**
**چرا نەما**
**دوکەڵ بە سیمای**
**زەردهەڵگەڕاویدا نەپژێنێت!**
**ئەو ژوورە ساردە**
**پڕە لە یادوەری و**
**نامۆیی ناوەتە ژێر**
**باڵە ماندووەکانی هەموو بەیانییەک،**
**کە هالاوی**
**سەر پەنجەرەکانی حەزی**
**پێ دەسڕێت،**
**هەر کە شەو دێت**

**ئەیکاتە تابلۆیەکی بێ گیان و**
**لە ژوور تارماییەکانەوە**
**هەڵیداوەسێت.**

هۆلەندا 20–11–2005

## نامەوێ ئەمشەو بگریم

زۆر گرانە منی نامۆ
قەسیدەیەکی شایست بنووسم
تا شەوی ساڵی تازە
تۆی پێ بلاوێنم
هەر ئەوەندە ئەتوانم
پێت بڵێم
گەر ئەمشەو کەرنەڤاڵت سازدا
با کێکی میلاد و مۆمی شەوت من بم
میزەڵان و کاغەزە ڕەنگاوڕەنگەکانت من بم
سێسەد و شەست و پێنج مۆم داگیرسێنە
کە داری میلادیشت ڕازاندەوە
پارچە پارچە
جەستەم هەڵواسە
ڕۆحم بنێ لە پێکی شەڕابی ئەمشەوت
پێبکەنە
منیش قەسیدەیەکی رووخۆشت بۆ ئەنووسم
لە هەموو دێڕێکدا بە تۆ ئەڵێم
ساڵی پار زۆر غەریبیم کردی
با ئەم ساڵە تازەیەش
هەر خۆم غەریبت بم!!
لەوانەیە لەو شەوە دەگمەندا

**بەفر بباریت**
**لە تۆ بەو لاوە شەرتە نەیەڵم**
**کلووە بەفری ئاسمانم بە سەردا بباریت**
**ئەبم بە مۆم**
**بە کاتژمێر**
**لە هەموو لایەکی ژوورەکەمدا چرکەم بێت**
**هەتا نەگاتە سەر دوانزەی تەواو**
**ئەوسا**
**بە گوێی خامۆشیدا هاوارم بێت**
**ئەمساڵیش وەک ساڵی پار**
**خۆشم ئەوێی**
**دوو هەزار و شەش جاریش**
**لە ڕۆژێکا من ئەمرم بۆت**
**لە ژوور سەری جەستەی داگیرساومەوە**
**پارچە شێعرەکەشم ئەسووتێنم**
**بزانە چۆن ئەباریێم بۆت؟!**
**نامەوێ ئەمشەو بگریم**
**تۆش نیگەران نەبیت**
**با قەسیدەکەم**
**بۆنی غوربەت نەگرێت**
**پێکی شەڕابت با چاوی ڕاستم بێ**
**دونیای پڕ لە گۆرانی و مەراسیمت**
**ئەنێمە چاوی چەپم**
**ئەمشەو نەخەویت**
**چون**

**وەک پەروانە**
**بە دەوری چرای ڕۆحتا**
**باڵەفڕکێم دێت**
**جەستەشم لە ژوور سەرتەوە**
**تا خۆرهەڵات**
**ورشەی دێت.**
**ئەمشەو باسی کەرنەڤاڵ ناکەم**
**ئەزانم داری میلادیشت نییە**
**بۆیە لەم شەوە دوورەدا**
**دووبارە پێت ئەڵێم**
**بە ئەسپایی وەرە و**
**سەر بنێ سەر دڵم**
**ئەمشەو هەموو شتێ شێت ئەبێت**
**تەنانەت عاشقەکان**
**ئەبنە شێت و زیکر ئەکەن**
**زستان بەفر تەنهایی!!**
**ئێمەش با پێکەوە هۆش لە بیر کەین**
**بۆ چەند ساتێ بێ ئاگا بین**
**خۆمان لە شێتخانەی ئەم شەوەدا ون کەین**
**ئەمشەو**
**مۆمەکان، کاغەزە ڕەنگاوڕەنگەکان**
**با نەبریسکێنەوە**
**دە وەرە با پێکەوە بخولێینەوە**
**بە دەوری ڕۆژە سووتاوەکانی پارا**
**بە دەوری وێنە کۆنەکانماندا**


www.pertwk.com

**من بە دەوری ڕۆحی تۆدا و**
**تۆش وەکوو من**
**دوا مۆڵەتە، با تێر تێر سەما کەین**
**ساتە پڕ لە چاوەڕوانییەکان بنێژین**
**چرکە مردووەکان**
**فڕێدەینە سەر کەناری ڕۆژەکانی پار و**
**ڕۆژی تازە داڕێژین**
**تەقویمەکەی پار داگرین و**
**تەقویمێکی تازە هەڵواسین**
**بە مەرجێ وەک خۆمان شێت**
**ناوی من  و تۆی لە سەر نووسرابێت**
**تەنها ڕۆژێک بێت**
**بەڵام**
**من و تۆی لە ئامێز گرتبێت!**
**کە بوو بە یەکەم ساتی ساڵی تازە**
**دەستەکانت ڕابگرە**
**با لە سەریان ڕابکشێم**
**تاوێ بگریم تاوێ پێبکەنم**
**تاوێکیش جەستەم ببێتە مۆم و داگیرسێت!**
**دە وەرە ئەمشەو**
**ببینە دوو فریشتە**
**بەرز بەرز بفڕین**
**تا ئەگەینە هەسارەیەک**
**کەسی لە سەر نەبێت**
**لە خۆمان زیاتر شێت نەبێت**

**نەگەڕێینەوە تاوەکوو خۆر هەڵدێت.**
**بەو هیوایەمساڵی تازە**
**چەشنی شێتێک شاد بێت**
**تۆش، هەموو تاوێ**
**قەسیدەکەمت لە یاد بێت.**

**دوانزە دەهرە من چاوەڕێم**
**قەسیدەیێ بۆ دوا شەوی ساڵ بنووسم**
**بەم وشانەی بۆم نادرکێن**
**تابلۆیێ بنەخشێنم**
**ساڵی داهاتوو سەراسەر**
**بەرامبەرت هەڵیواسم**
**نیگایەکم بکە**
**کاتێ بۆ ئاهەنگی دوا شەوی ساڵ**
**خۆت لە بەر ئاوێنەی ڕوخسارما ساز ئەدەی**
**با بە ئەسپایی پێت بڵێم:**
**... یێ!**
**بەڵێ**
**ئەوە چوار وەرزە**
**هەموو ڕۆژێک چاوەڕێم**
**وەرزێ نێرگز**
**وەرزێ وەنەوشە**
**وەرزێ گوڵەبەیبوون و**
**دوا وەرزیش گوڵەباخی تۆم**
**بۆیە پێت ئەلێم**

**بە ژمارەی ڕۆژەکانی پار**
**نەک جارێ سەدان جار**
**... وێی!**
**هەر ئەو پیتانە**
**ئەو دوو وشە جوانە**
**شک ئەبەم**
**بۆ دیاری ئەم دوا شەوی ساڵە**
**بە تۆیان بڵێم!**

هۆلەندا، 2005


www.pertwk.com

## ئەو دەریا شینە

کەناری ئەمشەو
بە سۆزەوە
لە سەر شانی شەپۆلەکان پشوو ئەدات،
بڵاوئەبێتەوە
هەر شەپۆلەو باوەش بە لما ئەکات،
بەردەکان بە پەنجە ئەگرێت و
یاریی لەگەڵ پێماندا ئەکات،
بە ئەسپایی بەرەو دەریا ئەگەڕێتەوە
لە سۆزی ئەو سۆز ئەپچڕێن.
ئێمە هاوڕێی دەریاین
ئێوارانی مانگە شەوە نەرمەکانی
ـ کاتێ سێبەرمان ڕوو لە ونبوون ئەکات،
ڕووخسارمان دیار نامێنێ
دەریا لە ناخماندا جێگیر بووە
شەپۆلەکانی چیرۆکێکی تازەن!!
لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڕۆین،
کۆچ بکەین و
لە سینەماندا یادەوەریی ئەو ساتە هەلگرین.
ئەو دەریا شینە
وەک ئەوینی ئێمە دڵی نەرمە
هەمیشە چاوەڕێمانە،


www.pertwk.com

**حەز لە بینینمان ئەکات**
**بە سەر شەپۆلەکانیدا بفڕین**
**بەرەو ئاسۆی بێ کۆتایی!**

هۆڵەندا، 25–06–2005


www.pertwk.com

# کاتێ نیگام ئەپرژێتە ڕوخساری

**ئەمشەو**
**دەریای حوزنێ**
**شەپۆلەکانی لە ژێر کلووی بەفرا**
**سەرما وەنەوزیان پێ ئەدات**
**ماسییەکان بۆ گەڕانەوەیان ئەگرین**
**ئەڕوانمە ئاسمان**
**بێ سنووورە و**
**گومانەکانی منیش**
**پرچی مانگیان بۆ شانە ناکرێت.**
**لە ئەفسوونی ئەو گەردوونە تێناگەم**
**چۆن دڵنیا بم؟**
**مانگ ژنێکە**
**تا ئازار ئەگاتە سەر ئێسکەکانی**
**هاوسەرەکەی ئەیبوغزێنێ**
**چۆن بتوانم**
**لە نهێنی ئەو زریانە بگەم؟!**
**کە لە ژێر ڕەشماڵی شەودا**
**پەنجەرەی حەز تەڕ ئەکات**
**بەفر بە باڵای**
**شەقام ئەبڕێت**
**چۆم بتوانم؟!**


www.pertwk.com

**چاوەڕوانم**
**کە چاوەڕوانی**
**ئومێدێکم**
**بنێتە**
**ناو پیاڵەیەک لە جوانی خەندەیەک**
**فانۆسێک بدەمە دەست**
**یاخیبوون**
**چیتر نەگەڕێم**
**بە دوای هەڵوەرینی هەورا،**
**قامکم گیر بکەم**
**لە ئارامی خەوێک**
**کاتێ نیگاکانم**
**ئەپڕژێنە ڕوخسارێکی ونبوودا**
**پارچەکانی جەستەی خۆمم بیردەکەونەوە**
**چۆن دەگەڕام؟!**
**زریان زریان،**
**ئەسرین ئەسرین،**
**تا لە نێوەندی**
**وردەبەردەکانی کەنارێکا**
**ئەمدۆزینەوە.**
**ئەبێ بتوانم**
**بڵێی منی شەکەت**
**ئاوا لە شەوێکی سەربڕاودا**
**سیمام بنێمە بەر ئاوێنەی گومان**
**شێعرێ بدوورم بۆ باڵای نزا،**

یان دەستە لەرزۆکەکانی نەنکم و
گۆچانەکەی باپیرم
بنێمە بن باڵی
غوربەتیی هاوسەرم!
ئازار
تەزوویەکە وەک مێروولە
بە جەستەمدا هەڵدەگەڕێت
شەو ڕۆمانێکە
بە نیگا لێڵەکانی من
ناخوێندرێتەوە.
سەرماش
یاخیبوونێکە
بەیداخی لە سەر لووتکەی
نائومێدییەک هەڵکردووە،
گەڕان بە دوای ڕاستییەکدا
پەروانەیەکە
لە دەوری چرای غوربەتیی هاوسەرم
باڵەکانی سووتاون،
ئەم شەو
شێعرم باڵای غەمێکە
بەرماڵی بەرەو ئاسمانی بێ سنوور
ڕاخستووە،
نزا بۆ خوای مانگ دەکا
چیتر
هەور لە قەدپاڵیدا نەخەوێت و

**ئارام ئارام**
**پەنجە وردیلەکانی ئەستێرەیەک**
**لە گەڵ م ن ی**
**هاوسەریی غوربەتا**
**سەما بکەن.**

هۆلەندا، 12–11–2005

## نزیکتر لە ڕوانین و دوورتر لە نیگاکانت

**لێم مەپرسە**
**من هەمیشە بە دوای حەقیقەتا**
**باڵندەیەک بووم**
**لە خۆر لە بەفر لە گریان**
**نزیکتر لە هەناسە و**
**دوورتر لە هەوا**
**نزیکتر لە ترپەیەک**
**دوورتر لە بڕوا**
**تێڕوانینەکانم**
**ساردتر لە زریان**
**ڕووتتر لە پاییز**
**من هەمیشە**
**باڵندەیەک بووم**
**لە چاوەڕوانیی لە سەفەر**
**ون بووم ون!**
**لە نێوان پەیڤەکانی خۆم و**
**ئازارەکانی ژنێکا**
**لە نێوان دوورگەکانی گومان و**
**دێڕە پڕ لە زامەکانی شیعرێکا**
**لێم مەپرسە**
**ئەم یاخیبوونە**
**لە کام ئاسمانەوە**


www.pertwk.com

**داباری؟**

**هەرکە ڕۆژم**
**پەردەی شانۆی شەو دائەداتەوە**
**گوێم لە دەنگی زیکری دەروێشێکە و**
**شێتێک بە کۆڵانەکانی جەستەما**
**جێهەنگاو بەجێدێڵێت**
**ون بووم ون!**
**لە نێوان ڕۆخەکانی ڕووباری حەزێکا و**
**شەپۆلە هەڵچووەکانی دەریایەک**
**لە نێوان ئاوێنە سەرابییەکانی ژوورێکا و**
**هێڵە بە ساڵچووەکانی سیمایەک!**
**من هەمیشە**
**باڵندەیەک بووم**
**لە وشە لە گەڵا لە دەنگ**
**نزیکتر لە پەنجەکانم و**
**دوورتر لە دەستەکانت**
**نزیکتر لە ڕوانین و**
**دوورتر لە نیگاکانت!**
**لێم مەپرسە**
**ئەم گریانە**
**لەگەڵ هاتنی کام زەمەندا**
**گۆناکانتی ماچ کرد؟!**
**هەر کە تەمەن**
**بە باڵای مناڵیمدا ئەڕوانێ**
**خۆزگە بۆ سروودێک و**

**هەنسک بۆ بووکە شووشەیەک**
**هەڵئەکێشێت!**
**ون بووم ون!**
**لە نێوان گەڕەکەکانی عومرما و**
**دوورگە بێناوەکان**
**لە نێوان**
**چیرۆکەکانی داپیرەم و**
**ڕاستییە ترسناکەکان!**
**من هەمیشە**
**باڵندەیەک بووم**
**لە گەورەبوون**
**لە پیربوون**
**لە فەنابوون!**

2006–01–23

# ئەوشەوانەی بۆنی غەم دەگرن

**کاتێ شەو پەردەی ڕەش دەکێشێت بەسەر ژیاندا و**
**خاک ماڵئاوایی لەسەفەری خۆر دەکات!**
**ئەو شەوانەی ئاسمان**
**لافیتەی ئەرخەوانی هەڵدەواسن**
**دونیا بۆنی حوزنێ دەگرێت**
**حوزن دەبێتە سەفەر و**
**بەهەموو دوورگەکانی شیعرێکا ڕێ دەکات**
**هەرچی لە هەگبەی خەڵوەتایە**
**دەیکاتە زیکرێ بۆ ماڵئاوایی!**
**پێ دەچێت**
**ئەو شەوانە تەنها لە تەقویمی زەمەنێکا**
**هەڵواسراابن**
**بۆیە رموزەکانیان لەم دەڤەرە ناخوێنرێنەوە**
**تەنها لەو مەملەکەتانەن**
**کەخۆریان قەوزەی گرتووە و**
**ژێرخانەکانیان وەک دەمامکی شێتێک**
**ڕووناکیان تێدا ناڕوێت**
**ڕەنگیش لەسەر ڕوخساریان چرۆ ناکات!**

**دیسان شەوە و**
**ئەستێرەکان. دەنک دەنک**
**لە دەوری ڕوخساری مانگ کۆدەبنەوە**

**ورشە ورشە دەبارێن**
**بەسەر کۆڵانە تاریکەکانی ئەم کیشوەرەدا**
**لەو دیو پەنجەرەی غوربەتەوە**
**حوزن، چرکە چرکە**
**خۆ لە دڵرەقی مرۆڤەکان دەخواتەوە**
**گەڵا، چرپە چرپە**
**خەون بەگوێی گوڵێکدا دەکات و**
**شەونم، دڵۆپ دڵۆپ**
**رووخسارێکی پر لە سەفەر تیفتیفە دەداتەوە**
**شەقام، هەنگاو هەنگاو**
**وێڵە بەدوای یاخی بوونی شێتێکا و**
**سەر شۆستەکان دەگەڕێن بۆ پێناسێکی ون**
**چرا، ترپە ترپە**
**بە باڵای ژوورێکا خەڵوەت دەگرێ و**
**بە تەنهایی دڵێکا سەفەر دەکات**

**ئەمشەو**
**بۆ هاودەنگی جەستە بێگیانەکان**
**رۆمان، وشە وشە**
**خۆی بەسیحری دوونیگا دەسپێرێ و**
**سیمفۆنیا، پەڕە پەڕە**
**بە نامۆیی پەنجەکان ڕەنگ دەکات**
**دەریا، شەپۆل شەپۆل**
**بەسەر کەنارەوە سینگ دەکوتێ و**
**لەبەر تریفەی مانگدا**


www.pertwk.com

**دڵنەوایی نەهەنگە سەرلێشێواوەکان دەداتەوە!**
**ئای لەوشەوە ساردانەی**
**بەفر، کلوو کلوو**
**خۆیان بە دەفتەری شاعیرێکا**
**گەرم دەکەنەوە!**
**دونیا بۆنی هەڵمێکی غەمناک دەگرێت**
**بەرزەخەکان پڕ دەبن لە گوناهـ**
**رووبارەکان، گۆلم گۆلم**
**خۆ بە ماتەمی دەشتێ دەشۆنەوە و**
**دارستانەکان، هێواش هێواش**
**لە هاواری دێو و درنج هەڵدێن**
**ئەوکات**
**کاتژمێرێک، چرکە چرکە**
**چمکی شەو دەگرێت و**
**خەون**
**خۆ لە گلێنەکانی دوو نیگا**
**هەڵدەسوێت و**
**ئارام ئارام**
**بەرەو بێئاگایی و فەنابوونی دەبات!**

هۆلەندا، 4 – 2 – 2006


www.pertwk.com

## هەورێك لە تۆز و غومار ئەنگوت

**تارماییەکی لاسار**
**لەو دیو پەنجەرەی ئافازەوە**
**چاوشارکێ لە گەڵ ئاپۆڕای**
**یادە بژاڵەکانم دەکات**
**کە بە وشکی هاوین هەڵدەقرچێن و**
**لە تەڕیی زستاندا نوقم دەبن**
**دەبێ چی بێت؟!**
**تۆ بڵێی!**
**ئەمە ڕاستییەکە**
**لە ژێر پەردەی گریاندا**
**چاوەکانی نوقمی خوێن بوون**
**یا خەونێکە**
**بەدەم زەردەی پاییزەوە**
**نیگەرانە بۆ پەڕینی ڕەنگ؟!**

**گوێم لە دەنگی ئاخەکانی دایکمە**
**خۆ من هێشتا تەڕە زامەکانم**
**سارێژ نەبوون!**
**هەتا لە سەر دامەنی**
**سەرپۆشە سپییەکەی بنووم و**
**چیرۆکی**


www.pertwk.com

**تارماییە لاسارەکەی بە خەوێک**
**بۆ بگێڕمەوە.**
**جەستەم شەلاڵی ژیلەمۆیەکە**
**لە شەوێکی بژکین دا**
**لە سەر ئەو لاڕێ نامۆیە**
**جێم هێشت و**
**قەدەرێکە**
**ڕەشماڵی غەم**
**ڕێم پێ نادات**
**خۆم بدەمە بەر بارانێکی گەرم**
**تا  ئەو تارماییە لاسارە**
**لەبیر بەرمەوە.**

**هۆ دایە گیان!**
**تەنها ئەمشەو**
**چاویلکەکانتم پێ ببەخشە**
**با بتوانم بە باڵای درەختێکا**
**شۆڕ ببمەوە و**
**ڕەگەکانی پیر بوون**
**دەربکێشم**
**تەنها ئەمشەو**
**دەستەکانتم پێ ببەخشە**
**باڵە سەریان**
**سوجدە بۆ مەعبەدە**
**پڕ لە نوورەکانی پرچت بەرم**

**بە ئارامی**
**گوێ بۆ خیزەی هەناسە ماندووەکانت بگرم**
**تاوەکو خەو دەمباتەوە!**
**تەنها ئەمشەو**
**دڵی خۆتم پێ ببەخشە**
**بافێری خۆشەویستی ببم**
**لە ئافاتی ئەم تووڕەبوونەنەترسم**
**لەگەڵ نەورەسێکا**
**بەرەو سنووری قەدەر سەفەر کەم**
**تا بەرزەخەکانی گوڵ نەدۆزمە**
**نەگەڕێمەوە!**

**کە خۆر هەڵات**
**تارماییە لاسارەکەش**
**من لە یاد دەکات**
**ئەوسا بە زەنگێ**
**دڵت دەنێمە سەر لەپی دەستەکانم و**
**چاویلکەکانت**
**بە نەورەسەکەی هاوڕێما**
**بۆ دەنێرمەوە.**

هۆلەندا، 11-02-2006


www.pertwk.com

## ئەزانم دڵی تۆ پڕە لەمن

**گەر هاتی ئەمجارە**
**لەسەرخۆبە**
**پێ نەنێیتە سەرکۆشکی دڵم**
**نەکەی بیتۆرێنی پەپوولەی ڕۆح**
**نەبا دەوری چرای نیگاکانت**
**چۆڵ بن بێ من**
**خۆت زیز نەکەی**
**نەیکێڵی بە تۆرانت برینم**
**نەیورووژێنی زامەکانی**
**جەستەی تازە خامۆشی من!**

**بۆ بێزاری؟**
**خۆشەویستی هەموو زەمەنەکانم**
**بۆ بێرەنگی؟**
**ئەی بۆنی خۆشی**
**هەموو گوڵەکانی باخی عومری من**

**ئەی تێشووی ڕێی ڕێبواری**
**سەفەری بێئامانم**
**لێم نەبڕی بۆنی هەناسە**
**چون**

**ساتێ قەرار ناگرێ بێ هەناسەت**
**جەستەی پڕ حەسرەتی من**

**لێم نەبڕی تاوێ بۆنی عەتر و**
**ترپەی نەرمی پێت و**
**یاری شێتانە**
**بێ ئەوان ئەمرم**
**وەک پارچەتەختەی سەرئاوە جەستەی من**

**نەکەی دەست بەرداری**
**دەستی ساردم بی**
**چون دەزانی!**
**تینی هیچ ئاگرێ گەرمی ناکاتەوە**
**پەنجەی لەرزۆک و تەزیوی من**

**تۆ بی خوا نەمکەیتە گریان**
**گەر قوڵپی گریانم بێتەجۆش**
**هەتا مردن ژیری نابێتەوە**
**دەریای لەکوڵی من**

**بمخوێنەوە**
**خۆت زیز مەکە**
**نە تەنهایی و نە فیراقی ئەم عومرە**
**ساتێ نەشە نادەن**
**بە دڵی منی پڕ لەتۆ و**


www.pertwk.com

**دڵی تۆی پڕ لە من!**

2000–03–05

## وەرزە بێ ڕەنگەکان(1)

ئە ی وەرز
ئەوەحەزی منە
کاتێ خۆر چاو هەڵدێنێت
جوانترین ڕەنگی خەیاڵ
بگرمە ئەو بەیانییە!
ئەوسا،
دەورانم تکا لە خوا بکات
چەند خولەکێ
بازنەی زەمەن وەگەڕێ
تا لەو سەرەوە
مناڵیم بۆ بێنێتەوە
ئاهـ، لەم وەرزانەی
خستوومیانە قەیرانی جەنگی دەروونەوە
بەهار دێت و
خونچەی گوڵێ بۆم پێناکەنێت
هاوین دێت و
گڕ لە جەستەم بەرئەدات
پاییز دێت و
لەسەر داری عومری من
هێلانەدروست ئەکات
زستان دێت،
زستان دێت و


www.pertwk.com

**زریان دێت**
**رەنگی بەفر رەش ئەبێت**
**ئەو پەرەسێلکانەی سالانێکە**
**لە نیشتمانم تۆراون**
**غەمبار غەمبار**
**بۆ وەرزی من ئەگرین،**
**زستان دێت و**
**لەگەڵ داهاتنی شەوا**
**شیعرم ئەتۆرێ**
**کەی وەرزێ دێت**
**وەرزی من بێت؟!**
**کاتژمێرەکان،**
**کاتێ گیانیان دەر ئەچێت**
**دێنە لام**
**شەکری لێوێکی وشک بۆ من دێنن**
**وەرز خەراباتە**
**رۆژێ سەدان جار**
**لەگەڵ تۆزی بن پێیەکا**
**تالاوم ئەداتێ و**
**کەرویێشکی حەزم سەر ئەبڕێت!**
**وەرز، تابلۆیەکە بێ رەنگ**
**وەرز، کەشتییەکە**
**لە دەریای ئەندێشەدا ئەسووڕێت**
**هەر ئەسووڕێت و**
**کاتم ئەکوژێت!**

**ژوانی تەمەن کورت**
**ئەکا بە سووتی و**
**لە برینە قووڵەکانی چاوەڕوانیمی ئەنێت**
**کەی وەرزێ دێت**
**وەرزی من  بێت؟!**
**تا دوا وشەمی پێ بڵێم**
**گەر لە ئەوینی ئەوا**
**دوا تروسکەم لەچاو بڕا**
**قەزای لەچاوم**
**گەر هاتیشە سەر ڕێم**
**یا بمکوژێت توخوا**
**یان جوانی خۆیم پێ ببەخشێت!**

زستانی 2003

# وەرزە بێ ڕەنگەکان(2)

**پێشکەشە بەگیانی پاکی هەردوو هاوڕێی جوانەمەرگم (کوێستان و نەورۆز)**

**کەی وەرزێ دێت**
**وەرزی من بێت؟**
**ئەم وەرزانەی پەژارە ڕێژن**
**هەموو ئێوارانێک**
**لەودیو چاوی بلووری پەنجەرەوە**
**دەڕوانمە سروشت**
**کاتێ سەرای شەو**
**دوا دلۆپی ڕووناکی هەڵئەمژێت**
**کۆرپەی هیواکانم بەرەو ئاسۆ هەڵدێرێت**
**لەم وەرزەبەهارییەدا**
**هەر کەتەزووی بارانێک**
**بیرم ئەتارێنێت**
**دیمەنی دوو چاوی یاقووتی پاش گریان**
**دەکەونە سەر**
**چاوی بلووری پەنجەرەکەم**
**پرسیار لەنێوان**
**«من و پەنجەرەکەی هاوڕێم»[1] دا**
**دروست دەبێت.**
**کەی وەرزێ دێت**


www.pertwk.com

وەرزی من بێت؟
بۆ نزای شیعری ئەم وەرزەم
منداڵیم بۆ ناگێڕێتەوە؟
ئای منداڵی
وەرزەکانت هێن بەخێرایی تێپەڕین
بەوەدا نەگەییت
یارییەکانت لەپەنا سێبەری ئێوارەیەکدا
تەواو بکەیت!
ئێستاش
بۆ پاشماوەی ئەو هێڵە تەریبیانە
چاو دەگێڕیت
کەلەسەر شۆستەکان
بە دەباشیری ڕەنگاو ڕەنگ ئەتکێشان
پێت وانییە؟
ئەوانیش
لەگەڵ ڕەنگی بەرائەتی منداڵیتا
تێکەڵی سیمای گەورەبوونت بوون؟
ئێستاش
ئەو نامیلکە سەوزو سوورانە دەگەڕێیت
بەدوای ناوی ئەو هاوڕێیانەتا
کەپێکەوە یاریتان بەبەرد و خۆڵ ئەکرد
پێت وا نییە؟
ئەوانیش
لەگەڵ بزربوونی منداڵیدا بزر بوون؟
هەر کەدوو چاوی یاقووتی دوای گریان


www.pertwk.com

ئەکەونە سەر چاوی بلووری پەنجەرە
پرسیار لەنێوان «من و پەنجەرەکەی هاوڕێم» دا
دروست دەبێت!
کەی وەرزێ دێت
وەرزی من بێت؟
چ وەرزێکن وا بە غەم داچێنراون
لەگەڵ دەنکە زبرەکانی بەفرێکا
بەرگی سپی ئەکەنە بەر ئەو درەختانەی
کەهەرگێز نەگەیمە بالآیان
بۆ وا بێڕەنگن؟
وەرزێکن یا چوار وەرزن و
لەڕوخساری وەرزێکی پەژارەڕێژدا
ون بوون ون
بۆ وا بوونە بورکان و
بالآی کەشکۆڵم ئەکەنە قەقنەس!
کەی وەرزێ دێت
وەرزی من بێت؟
تا ئێوارەیەک
لەو دیو چاوی بلووری پەنجەرەوە
دوو چاوی نەرمی کلڕێژی "نەورۆز"[2]م
بنیشنە سەر پەڕەی ئەو گوڵە پەمەییانەی
تەنها بۆنی وەرز ئەدەن لەژووری چۆڵمدا و
ناوم  لێناون گوڵە "تەرزە"[3]
لەژێر ڕەشماڵی پرچی هەڵکڕووزاوی
"کوێستان"[4] دا

بەئەسپایی پێکەوە
"جادە چۆڵ و سێبەر بوو"[5]
بڵێینەوە!
ئێوارەیەک بۆ ئەو وەرزە سەفەر بکەم
کە لەناو قاقاکانی " کوێستان"دا
فەنا بوو  و کرایە ئەو ئەڵقەیەی
هێشتا پەنجەی "نەورۆز" ی
ماچ نەکردبووا؟
چ وەرزێکن ئەم وەرزانەی
وا بەغەم داچێنراون
بەهار دێت و
گوڵە بەیبوونێک خۆی نادا لەپەرچەمم
هاوین دێت و کانیلەیەک لەسەر ڕێگەم
گڕ لەجەستەی بەر ئەدات
پاییز دێت و وەک حاجی لەقلەقێکی پیر
لەسەر داری جێژوان
هێلانە دروست ئەکات
زستان دێت  و
لەگەڵ چەخماخەیەکی شێتا
پەنجەی شیعرم هەڵئەوەرێت!
بۆ نابێ وەرزێ بێت
وەرزی من بێت؟
تا لەگەڵ ڕێژگەی ڕووبارێکا
برژێمە نێو
دەفتەرێکی ڕەسمی مناڵیمەوە

**لەوێ بەئارەزووە**
**وەرزێ دروست کەم**
**وەرزی خۆم بێت.**

**هۆلەندا،** 2006–05–08

1- «من و پەنجەرەکەی هاوڕێم» پارچە هۆنراوەیەکی خۆمە.
2- نەورۆز: نەورۆز حەسەن هاوڕێی جوانەمەرگم.
3- تەرزە: ناوی کچی خۆمە.
4- کوێستان: کوێستان هاوڕێی جوانەمەرگم.
5- جادەچۆڵ و سێبەر بوو: کۆپلەیەکە لە گۆرانییە ناسراوەکەی خوالێخۆش بوو قادر کابان.

# چیرۆکی کات

**چیرۆکی کات**
**تەواو نابێت**
**ڕۆژگاری پڕ لە بەختەوەری**
**ناگەڕێتەوە،**
**کات ئەڕوات و**
**چرکە چرکە**
**جێگا هەر خۆیەتی**
**ناگۆڕێت و جووڵە ناکات**
**ساڵانێکە نە چرپەیەک**
**لەسەر لێوەکان چرۆ ئەکەن**
**نە خەندەیەک،**
**بێدەنگییەک**
**لە ناخمدا شین بووە**
**کات ئەڕوات و لەگەڵ خۆیدا**
**پەڕەکانی عومر پێوە ئەدات**
**ڕوخسار جوانی**
**لاویمان ئەبات**
**کاتێ دڵمان لاو بوو**
**پڕ لە نەشەی خۆشی**
**ڕەنگی گوڵاڵە و**

**بۆنی بەهار**
**ئەپرژانە سەر خەندەکانی**
**بەرائەت و**
**پێکی کامەڕانیمان ئەنۆشی،**
**ئێستا**
**گۆنا لە شەونم زیزە و**
**هەڵوەرین**
**بۆتە ئافاتی چرۆکان،**
**بایەکی بۆن سارد**
**باوەش ئەکات**
**بەو یادەوەرییانەی**
**هەرگیز نەگەینە تاوێک**
**کە لە ناویاندا خەیاڵ**
**مەستمان کات!**

**کات ئەڕوات**
**وەک شەمەندەفەرێکی**
**سەرلێشێواو**
**مۆڵگە مۆڵگە**
**جێمان دیڵێت**
**چەند هانای بۆ ئەبەین**
**لەگەڵ خۆی هەڵمان ناگرێت**
**چرکە مردووەکان**
**فڕێ ئەداتە**
**ئەوبەری شەقام و**
**ئێمەش لەمبەر جێدەهێڵێت.**

**چیرۆکی کات تەواو نابێت**
**ڕۆژگاری پڕ لەبەختەوەری**
**ناگەڕێنەوە**
**کەنارەکان چۆڵ و ساردن**
**ئینجانەکان بێ گوڵ و**
**پەپوولەن**
**ئەوەی لە دوای ڕۆیینی کات**
**جێدەمێنێت**
**ئەلبۆمی پڕ لە وێنەن و**
**یادەوەرییەکان!**
**کەسێ نییە**
**مەملەکەتی سەرهەڵگرتووی**
**کات ڕێ پێبدات**
**تاسەرلەنوێ**
**چرکە چرکە**
**بیانهۆنێتەوە و**
**بیانکاتەوە گەردنمان**
**بە خەڵات!**

**سلێمانی، ساڵی**2000

## چرپەیەك

نەخێر نا
حەز بەمانەوە ناكەم
لە بازنەی تەنهاییدا
گۆشەگیربم
هاوارێک وا لەگەروم دا و
لە ناخمدا
چەندین پرسیار
هەست بە زامێک دەکەم
لە ناخی پر ناسۆرمدا
نم نم باران
دەپرژێتە سەر
رقی شەوم و
ئەستووری خەوێک
باڵی بە سەر چیرۆکمدا کێشاوە
حەزم هاوارێکە
تەوقی دیلی پێ بشکێنم
بمگەڕێنێتەوە دونیا
دونیای بێکۆتایی
بێترس بێقەیران
چیتر کۆیلە نەبم!!
پرسیارێکم لێ مەکە
توانای وەڵام دانەوەیم نەبێت

چون
وشەکان تێکەڵن
لە سەر لێوەکانم کۆچ دەکەن
لە بیرەوەریمدا
هیچ شتێک نامێنێت
تەنها، پاشماوەی ئەو ڕۆژانە نەبێت
بە خۆشەویستی داچێنرابوون
توانام نییە!؟
سیما بۆ هەستەکانم
ڕۆژگارەکانم
بخولقێنم
ئەوانیش وەک من
بێ سیمان و وەک شنەی بەیانییەک
دێن و بڵاو دەنبەوە
لە کۆتاییدا
لە ناخی یادەوەرییەکدا
جێگیر دەبن
ئەو کات هەموو شتێک
لەدایک دەبنەوە و
وەک ملوانکەیەک
دەکرێنەوە گەردەنم.

هۆلەندا، 03-06-2006

## ئەم چرپەیەش

دەگەڕێم
هەموو شوێنێک
توولە ڕێکان
ناوەندەکان
نێوانەکان
ئەو جۆگەلانەی
پڕن لە فرمێسکی گەڵا
ئەو ئینجانانەی پریاسکەیەکن
لە نهێنییەکانی گوڵ
سێبەری ئەو درەختانەی
خۆر ناگاتە دارستانیان
ئەو پێکانەی
کە ڕەنگی شەڕابی دوو لێویان
پێوە لکاوە
بۆ گۆشەیەکی بازنەیی
ـ تەنهاییەک ـ
کە بۆنی ترسی نەگرتتبت
دڵێک
سیخناخەی کینە نەبێت
پەرتووکێک
چیرۆکی تۆی تیابخوێنمەوە

**هەموو شوێنێک**
**دەگەڕێم**
**فراوانییەک**
**لە ئامێزم بگرێت**
**ئاسۆییەک**
**دوا سەمای**
**پەپوولەکانی تیا ببینم**
**ماندووبووم و**
**ئاوارەیی**
**وا خەریکە**
**تاریکی**
**لە چاوەکانم ڕادەخات**
**گەڕام ئەوەند گەڕام**
**شەقامەکان**
**کۆتاییان هات**
**منی ماندوو**
**منی ونبوو**
**هەموو شوێنێک گەڕام**
**بۆ ئەوە بوو**
**بە تۆ بگەم.**

## دوا چرپە

**کاتێ بانگم دەکەیت**
**پێکەوە**
**گفتوگۆ و پێکەنین**
**ئاراستەی یەک دەبن،**
**هەست و بیر**
**ڕوودەکەنە مەملەکەتی**
**گوڵە قرمزییەکان،**
**لە بوونتدا**
**ڕێگاکان هیچ نابینن**
**پەلکەزێڕینەیەک نەبێت**
**کە ڕەنگەکانی پڕن**
**لە چرپەکانی ژوان،**
**ـ کەنارەکانی ـ**
**کاتێ دوو کۆتری ئارەزوو**
**کۆچی بۆ دەکەن**
**لە ناو ئەوینی**
**دەریایەکی هەنگوینیدا**
**ون دەبن!**
**ئەنگوستەکان**
**ساتێک ئارام دەگرن**
**کە لە ناو خۆشەویستی**

کۆمەڵێ پەنجەدا
فێری عیشق دەبن،
کەم و کوورِی تەمەن
دەبێتە سۆز بۆ وێنەیەک!
حەز
دەبێتە سەفەر
بەرەو ئاسمانێکی نەخشێنراو
بە سیحری مانگ و
نەغمەی سەر وەتەری ئەستێرەکان،
سەفەر
هەموو کیشوەرەکانی
تەمەن دەبرِێت
تا بە تۆ بگات.
لە بوونتدا
دەریای سۆز و رووباری شێعر
تێکەڵ بە یەک دەبن
تا پێکەوە
جوانترین گۆرانی
لە ژێر تاڤگەی
ژوانێکدا بچرِن،
پێکەنین
دەبێتە رِازاوەترین تابلۆ و
وەک گرِوگاڵی منداڵی
نەشە بە ژیان دەدات
لە هەر لایەک

**هەموو چرکەیەک**
**بە چرپە پێت دەڵێم:**
**«لە بووونتدا**
**بە یەک دەگەن**
**تۆ و ئەوین و**
**تەمەن!»**

هۆڵەندا، 23–6–2006

## ئاوێتەبوون

**وەرە با ئەمشەو**
**پەنجە پڕ لە سامەکەی تەنهایی**
**دیسانەوە**
**نەداتەوە لە زەنگی بێ ئاگاییم**
**زۆر ئەترسم**
**لە داهاتنی**
**شەوە تاریکەکانی ئەم دۆزەخە!**
**چون من هەمیشە**
**لە بەر ئاوێنەی تێڕوانینا**
**برژۆڵە جووتبووەکانم ئەژمێرم،**
**بۆ هەڵوەرینی خەمێک**
**خۆم خەڵتانی ئارایشت ئەکەم**
**وەک پەلک و گەڵاکانی**
**دارزەیتوونێک**
**بە دەم تاوانەکانی گوناهەوە**
**کەوتوومەتە سەر زەوی!**
**هەموو شەوێک**
**لەگەڵ هەڵوەرینی پەڕەکانی گوڵێکا**
**تا عیشقێ نەمژمێرێت**
**ـ «کە چۆن**
**مەعشووقەکەی هەتا دوا پەڕە**

**خۆشی ئەویت؟!»**
**هەڵئەوەرێم**
**وەرە ئەمشەو**
**با چاوەڕوانی ترس نەکەم**
**تەنها پەنجەیەکەت**
**بنێرە سەر زەنگی دەرگاکەم و**
**زەردەخەنەیەکیش**
**بۆ سەر لێوەکانت،**
**بزانە چۆن**
**چەشنی چەمە عیشقێ**
**بە ڕووی دەرکەوتنتا هاژە ئەکەم؟!**
**وەرە با ئەمشەو**
**ئاوێتەی هەموو جوانییەک بین**
**فرمێسکە تۆراوەکانی ماچ**
**ژیرکەینەوە**
**لەگەڵ یارییەکی شێتانەدا**
**بەرەو دێڕەکانی شێعرێک**
**سەفەر کەین**
**هەموو ڕازەکانمان**
**بنێینە سەر باڵەکانی**
**پەڵە هەورێکی پەمەیی**
**تا هەموو ئاسمانەکانیان بگێڕێت**
**ئەوسا**
**لەگەڵ تاوێ باراندا**
**ماچەکانمان**


www.pertwk.com

**نم نم، بە سەر جێژواندا**
**داببارێن!**
**وەرە ئەمشەو**
**پەرستگا نەما**
**بە دەوری دەروێشەکانی عیشقما**
**نەسوورێنەوە!**
**بەرزەخ نەما**
**چاوەڕوانی مەرگی**
**شەوە پڕ لە نائۆمیدییەکانم نەکەن!**
**کە تۆ هاتی**
**دیسانەوە**
**تەنهایی ئەبێتە**
**دڵۆپێک ئاو و**
**ترس لە پەنجەرەی ژووری ژوانەوە**
**باڵ ئەگرێت**
**ئەوسا**
**هێواش هێواش**
**چراکان کز ئەکەین و**
**خوداش**
**غەرقی شەوێکی**
**ئاوێتە بە سەفامان دەکات!**

هۆلەندا 30–10–2005


www.pertwk.com

## لە ناو فنجانی قاوەیەکدا بمدۆزەرەوە

بگەڕێ زۆر بگەڕێ
ماندوومەبە
بمدۆزەوە
ئەم بەیانییە
یەکەم هەنگاوبنێ
بەرەو پەنجەرەی ژوورەکەت
بە ئەسپایی بە دوو پەنجە
پەردە لادە و بڕوانە
بڕوانە ئینجانە پڕ لە گوڵەکانی شورفەکەت
نیگای ئەو پەپوولەیە بکە
هاتۆتە دیدەنیان
ڕەنگ بەڕەنگی باڵەکانی تێکەڵ بکە
بەو ترپانەی دڵت
کە وەک ترپەکانی دڵی زەڕنەقوتەیەک
تەکان ئەدەن بۆ ژیان
ڕەنگ بە ڕەنگی گوڵەکان تێکەڵ بکە
بەو نەرمە هەناسانەی لە سینەتا
سەما ئەکەن
گوێ هەڵخە بۆ ئەو چرپانەی


www.pertwk.com

**وان لەنێوان دوو عاشقە کۆتردا**
**بمناسەوە**
**من حەزم لە ڕەنگێکە**
**هێمنتر لە ڕەنگی دەریا**
**بگەڕێ زۆر بگەڕێ**
**ماندوو مەبە**
**بمدۆزەوە**
**لەگەڵ خوڕەی ئاوا**
**شڵپەی شەپۆلەکانی ئەو دەریایە**
**بێنەوە یاد**
**کە پڕن لە ڕۆمانی دڵداریی نەهەنگەکان و**
**بە میلۆدیای گۆرانی ماسییەکان**
**هەڵدەچن**
**لەگەڵ دووەم خوڕەی ئاوا**
**دەستەکانت بێنە بە ڕوخسارتا و**
**ڕوخساری ئەو منداڵە بێنە بەر چاوت**
**کە هێشتا خۆر لێی نەداوە**
**تەماشایەکی ئاوێنەکەت بکە و**
**بڕوانە چاوە کانت**
**چۆن پڕن لە پرسیار**
**کۆڵان بە کۆڵان و**
**شاخ بە شاخی نیشتمانی دڵت**
**دەگەڕێن بۆ وەڵام**
**بگەڕێ زۆر بگەڕێ و**
**ماندوو مەبە**


www.pertwk.com

بمدۆزەوە
لەگەڵ ماچ کردنی لێواری
فنجانی قاوەکەتدا
بچۆرە خەیاڵی ئەو ماچانەی
تامی شیرینترین دەنکە سنجوو ئەدەن
لەگەڵ کردنەوەی یەکەمین لاپەڕەی
جەریدەی ئەو بەیانییەدا
بڕوانە دێڕەکان
پڕن لەشیعر
پڕن لەبۆنی هەناسەی ئەو شانیایەی
کە بە سۆزی شەونم باڵای کردووە
پڕن لەو هەواڵانەی
وان لەتورەکەی پۆستبەرێکی بێ پێناسەدا!
بمناسەوە
من حەزم بە شیعرێکە
وەک هێلانەی چۆلەکەیەک
پڕبێت لە خۆشەویستی
بگەڕێ زۆر بگەڕێ و
ماندوو مەبە
بمدۆزەوە
لەتەک قاپووتە ڕەشەکەتدا
بمکە بەرت
لەگەل کلاوەکەی سەرتا
بمنێ سەر سەرت
لەگەڵ دەسکی چەترەکەتدا


www.pertwk.com

**دەستم بگرە و تێکەڵ بە بۆنی**
**عەترەکەتم بکە**
**یەکەم هەنگاو  دووەم هەنگاو**
**هەتا دوا هەنگاو چاو بگێڕە**
**بۆ ئەملاو ئەولا بڕوانە**
**دوورو نزیک گوێ هەڵخە بۆ**
**هەموو هەناسەیەک**
**هەموو خشپەی پێیەک**
**چاو بگێڕە**
**بۆ ڕەنگی شین**
**بۆ چڵێک گوڵە بەیبوون**
**لەگەڵ دوا جگەرەی ناو پاکەتەکەتدا**
**دامگیرسێنە**
**بگەڕێ**
**دڵۆپ دڵۆپی ئەو بارانەی**
**بەنەرمی دەکەونە ناو تاڵەکانی قژتەوە**
**ئەکەونە سەر شانی قاپووتەکەت**
**ئای چ مەستییەکە ئەو ساتەی؟**
**بۆنی عەتر و**
**بۆنی باران و**
**بۆنی من  تێکەڵ  ئەبن**
**بمناسەوە**
**من حەزم لە بۆنێکە**
**وەک بۆنی زوڵف و پەرچەمی «حەبیبە»**
**بڕژێت بەسەر خەڵوەتی شەوێکی «نالی»دا**

**بۆنێک تێکەڵ بەو سروەیە بێت**
**پەڕەی گوڵاڵەیەک**
**بە پەنجەی گوڵە حاجیلەیەک**
**ئارایشت بکات**
**بۆنێک بۆخۆی تامی ئارایشتێکی**
**خودایی بدات!**
**بگەڕێ زۆر بگەڕێ**
**ناوەندی هەموو ڕەنگەکان**
**لەسەر دێڕی شیعرەکان**
**گوڵەکانی ناو گوڵدانەکریستاڵییەکەت**
**شەرمی چاو و**
**تامی ماچ و**
**شنەی هەناسەی**
**تێکەڵ بوونی دوو نەورەس**
**فنجانی قاوەکەت**
**ژێر ئەو چەترەی کە پڕە**
**لەخۆزگەی دۆزینەوەم**
**کەنار دەریا**
**چاوی ماسی و**
**هێلانەی کوکوختییە مەستەکان**
**مزرترین سێو و**
**شیرینترین دەنکە توو**
**سوورترین گوڵە هەنار**
**بگەرێ**
**خۆشترین یاری دوو بۆقیلەی**

**ناو جۆگەلەی بەر کانییەک**
**زۆر بگەڕێ**
**ماندوو مەبە**
**هەتا ئەمدۆزیتەوە.**

هۆڵەندا، 11-07-2006

## با هەناسەم هەڵناگرێت...

**ون بووم**
**لە نێوان خۆم و سەرابدا**
**ون بووم**
**لە نێوان خەون و واقیعدا**
**لە نێوان خۆم و وێنەکانمدا**
**لە نێوان ڕاستی و درۆدا**
**لە نێوان ڕابردوو و  ئێستادا**
**ون بووم ون**
**ئەمە ون بوونە یا غەمە**
**غەمێکە ئەمگرێنێ**
**غەمێکە و یاخیم ئەکا**
**یاخی لەخۆم**
**لە ئێستا**
**ئەمگرێنێ زۆر بەکوڵ**
**ئەمگرێنێ بۆ ڕابردوو**
**وێڵم ئەکا و ئەمگێڕێ**
**ئەمگێڕێ بە دوای خوما!**

**باران**
**باران ئەو چرۆیانە نالاوێنێ**
**کە بە پەنهانیی دارێکم سپاردن و**

**شنە گوزەر ناکا**
**بە لای پەڕەی ئەو گوڵانەی بۆ یادگار**
**لە دەفتەرێکی یادم ناون**
**ئەو پەندانەم لە یاد کردوون**
**کە بەمنداڵی**
**لە پشتی کتێبەکانی مەکتەبا**
**ئەمنووسین**
**ئاخر ئەمە ون بوونە یا**
**یاخی بوون!؟**
**ئەمشەو غوربەت ئەمگرێنێ**
**چاوەکانم بوونە دوو یاقووتی سوورو**
**لێم ناگەڕێ**
**ئای ئێرە**
**لێرە هەموو شتێک یاخییە**
**دەریا ئەو سۆزەی نییە**
**کە لە دوورەوە پێی دەبەخشیم**
**گوڵەبەیبوون**
**ڕۆحم بۆخۆی نابات**
**سەحەرێک بۆنم ناکات و**
**مانگ پریاسکەی ڕازەکانم**
**ناپێچێتەوە!**
**باران دانابارێت**
**بە سەر چیرۆکەکانما و**
**لێرە**
**پرچی ئایشێ و فاتمە**

**پرچم درێژ ناکا**
**لێرە، نالی زیندوو نابێتەوە**
**ئەمشەو قەسیدەیەکی غەزەل**
**ناکاتە گەردنم!**
**ئەمشەو غوربەت ئەمگرێنیَ**
**یاخیم ئەکا**
**یان ونم ئەکا**
**حەنین لە نێوانی دڵۆپی ئەسرین و**
**قاقاکانی جارانا**
**ئەمسووتێنیَ**
**ناخم وەک ئاگری ڕێبوارێک**
**جۆش ئەدا و**
**پشکۆی ئاهم**
**دڵی نامۆم داخان ئەکا**
**وەک هەتیویَ**
**ملم کەچە بۆ دەستێکی سۆز و**
**گەردنم والایە بۆ پەتی مەرگیَ**
**ئەمشەو**
**ئاخ لە ئەمشەو**
**وا هەزاران جار سووتام و**
**مردم و زیندوو بوومەوە**
**ئای لەو حەسرەتەی و**
**لە دەروونی پڕ لە ئازارم**
**گوێم لە دەنگی قاقاکانمە و**
**لە دەوری سفرە قەرەباڵغەکەی**

**ئێواران جێماون**
**جێماون و دایکم بۆنیان پێوەدەکات**
**باوکم ئەیاننێ بە سنگییەوە و**
**ڕایان ئەسپێرێ ئاگایان لە من بێت!**
**لێرە با یاخیم ئەکا**
**ئەمبا بەرەو فەنابوون**
**ئای ئای**
**چەند پڕ لە خۆشەویستی بوو**
**ئەو بارانەی تەڕی ئەکردم و**
**نەنکم ئەیووت:**
**بالآت بەرز ئەکا**
**ئەی ئەو بایەی**
**فڕفڕۆکەکەمی ئەخولاندەوە و**
**هەناسەمی هەڵئەگرت!؟**
**لێرە باران لەپڕ دائەکا و**
**با ڕقم هەڵئەسێنێ و**
**قاوە بێزارم ئەکا**
**لێرە تەرزە* ساردە**
**تەرزە. ڕەقە**
**تەرزە بێدەنگە**
**چەند بەتام بوو**
**ئەو ساتانەی  تەرزەی نەرم و**
**تەرزەی گەرم**
**ماڵی دڵمی کردبووە شاری یاری و**
**وەک پشیلەیەکی دەستەمۆ**


www.pertwk.com

**خۆی لە ئەشقم هەڵئەسوو!**
**ئەمشەو**
**ئەمشەو چاوەکانم بوونە دوو گۆمی خوێن و**
**هەنسکم بۆتە ئاوازێکی خەمین و**
**دڵم وەک دیلێک ئەلەرزێ**
**ئەمشەو یاخیم**
**لە خۆم**
**لە تۆ**
**لە هەمووتان**
**ئەمشەو کەسێ نییە پێی بڵێم**
**ئای لێرە سەگێک ناوەڕێت**
**تا هەست بە ترپەی دوو پێی ژوان بکەم**
**پشیلەیەک نامیاوێنێ**
**تاسفرەی ئێوارەی لە بەردەما بتەکێنم و**
**مشکێک نامترسێنێ**
**هەتا کەمێ چاوشارکێی لەگەڵ بکەم**
**ئای لێرە!؟**
**چەند یاخیم لەخۆم**
**لە ڕەنگی شەو و**
**لە بێدەنگی**
**لێرە  باران باڵام بەرز ناکا و**
**بەفر تۆپەڵم تێناگرێ و**
**با هەناسەم هەڵناگرێت!**

2006-09-14


www.pertwk.com

## جەستەیەک لە بەرد و دڵێک لە بەفر

**زریانێک**
**ڕێگە بە ڕەوی چەپکێ هەور نادات**
**ئاسمان ساماڵ بێت**
**وەک گێژەڵووکەیەکی سەرلێشێواو**
**بەرۆکی نەرمە گڵەکان ئەگرێت و**
**بەرەو جوگرافیاییەکیان ئەبات**
**باران لە فەرهەنگیدا نەنووسراوە**
**وشکەڵستانێکە و**
**تابلۆکانی ئەم مێژووە**
**تێیدا بوونە هەڵمێکی بێڕەنگ و**
**باڵندەیەکی بێدەنگ**
**زریانێک**
**گوڵە خۆری لە خاچ داوە و**
**پەنجەکانی سەمفۆنیایەک**
**سەر ئەبڕێت**
**ڕێگەنادات**
**چرپە سیحراوییەکان بکرێنەوە**
**بە گوێی خامۆشیدا**
**نە ڕێ بە فەرهاد ئەدات**
**سەفەر بۆ عەشقی شیرین بکات و**


www.pertwk.com

**نە گڕی دڵی «نالی»یەک**
**بە شەماڵی**
**هەناسەی «مەحبووبە»یەک**
**بکوژێتەوە**
**زریانێک**
**بۆتە تەمتونێکی لێڵ و**
**هیوا وەنەوشەییەکان**
**دەنێتە بەرزەخی بێئاکامییەوە**
**وەکو جەستەیەکی بێ هەست**
**لە ژێر سێبەری**
**تاوانەکانی فیرعەونا**
**لەنگەر ئەگرێت**
**ڕێگە بە شەپۆلی**
**گوڵە سونبولەکان نادات**
**بە دەم ختووکەی نەسیمێکەوە**
**خەونە ڕەنگاڵەییەکان**
**ببینن و**
**لە سەر گۆنای دەشتەکانی حەز**
**ماچ بچننەوە**
**زریانێک**
**بۆتە دیوەزمەیەکی قەزەم و**
**هێلانەی**
**لە سەر برژۆڵەجووتبووەکانی**
**ئەستێرەیەک دروست کردووە**
**لە پەنا شیوەنی ماتەمێکا**


www.pertwk.com

**بۆتە پەیکەر یا**
**بۆخۆی پەیکەرێکە لە زریان؟**
**چون**
**ئەو زریانە**
**جەستەیەکە لە بەرد و**
**دڵێکە**
**لە بەفر!**

2005–10–10

## بۆیە خۆشم ئەوێی !

چەندە خۆشە
ئەو ساتەی پێم ئەڵێی
خۆشم ئەوێی
ئەزانم پێت ناخۆشە
کە لێت ئەپرسم
بۆ؟
منیش وەک هەموو ژنێک
دوو چاو و
دوو لێو و
یەک دڵم هەیە!
پێم ئەڵێی لێم مەپرسە
بۆ؟!
خۆشم ئەوێیت و بۆیە!
دوو چاوی تۆ پڕن لە نهێنی
پڕن لە ڕەنگی تابلۆیەکی سیحراوی و
دوو لێوت وەک بۆڵەکانی
هێشووە ترێیەکی تەمووز
تامی شەراب ئەدەن و
دڵیشت کۆشکی میهرەبانی یە
خۆشم ئەوێیت و بۆیە!

**لێت ئەپرسم**
**هەموو ژنێک چاوی جوانە و**
**لێوی ئاڵە و**
**دڵی میهرەبانە**
**ئیتر بۆچی خۆشت ئەوێم؟**
**پێم ئەڵێی**
**چاوەکانت دوو ڕاوچین و**
**زۆر دەمێکە دڵی منیان پێکاوە**
**لێوەکانت دوو کۆترن و**
**بانگی ئەشقی لێوەکانم ئەکەن**
**بۆ ماچ**
**دڵیشت بەندیخانەی ئەزەلی منە**
**ئیتر لێم مەپرسە**
**بۆ؟!**
**خۆشم ئەوێیت و بۆیە!**

هۆڵەندا، 04-07-2006

# کەنارەکانی ئەودیو هەڵچوونم

ئەمشەو شیعرێک ئەمنووسێتەوە
غەمێک ئەمخواتەوە و
ئاهێک غەرقی ئەسەفم ئەکات
ئەسەف
بۆ عاتیفەیەکی نێژراو
بۆ هەناسەیەکی پاک و
ئەسەف بۆ کۆچی "نالی"
ئەمێستا
باڵندەکان بوخچەیان پێچاوەتەوە و
لەگەڵ قەهری ڕووبارێکا
کۆچ ئەکەن بۆ عەدەم
نەورەسەکان
فەرشی کەناریان لوول داوە و
جام و شانەی دەریایان
ناوەتە سەر داهاتنی سپێدەیەک
دوو کوکوختی مەست
بەعەشقێکی سەرمەدی
تریفەی مانگیان سپاردووە
بە سۆمای چاوی ژوانێک
ئەبێ لەم مەزرایە


www.pertwk.com

**چی تازە بێت؟**
**ئای چەندم ون کرد و**
**هیچم نەدۆزییەوە!**
**ئەمشەو**
**هەناسەم**
**بۆنی گڕوی بووکەشووشەیەک ئەدات**
**هەناوم**
**مەودایەکە بۆ غارغارێنی**
**ئەسپ سوارێکی دڕندە و**
**دەستەکانیشم**
**فەزایەکی بەتاڵن لەگەرمی**
**قیبلەم**
**بۆتە دوورگەی ئەو دەریا شێتە و**
**بۆ ئەبەد نیگاکانم**
**جێی ماتەمی قەسیدەیەکە**
**بیرم نەبوو دەماودەم بینووسمەوە!**
**ئەمشەو**
**شیعرێک ئەمخوێنێتەوە**
**دەفێک حەوام ئەدا و**
**شەمشەمە کوێرەیەک**
**خۆی بەئەشکەوتێکی**
**ڕۆحما هەڵواسیوە**
**ئۆف لەدەست ئەمشەو**
**ئاهی ئەمشەو!**
**ئەسەف**

**بۆ سێبەری ئەو درەختەی لە ژێر چاوەڕوانیدا**
**سووتا و...**
**بۆ شکۆفەی گوڵێک**
**بەهار هەڵی نەگرت**
**ئەسەف**
**بۆ ئەو کورتە چیرۆکەی**
**ساڵانێک لەمەوبەر**
**لەدەفتەرێکی هەتیوما گیانی سپارد**
**چیدی نامەوێت هەناسەم**
**بۆنی پیاوێکی مردوو بدات**
**جەستەم**
**سیمای ژنێکی نائومێد بنوێنێ**
**لێوەکانم**
**وەک دەنووکی کۆترێکی گەرمەسێر**
**ئەنفال هەڵی بقرتێنێ**
**نامەوێت ئەسەف بمخواتەوە**
**ئەسەف بمکوژێت و**
**پیاوێک بمشارێتەوە!**
**ئەمێستا**
**ئەمەتام منم لێرە**
**خەو بەرێئەکەم**
**ئاهێک لەگەڵ نەفەسی جگەرەیەکدا**
**ئەمسووتێنێ و**
**حەزێک جانتای سەفەر**
**بۆ کەنارەکانی ئەودیو هەڵچوونم**

کۆئەکاتەوە
سەفەرێکیش پێم ئەڵێت :
ئەوەتای ئەمە تۆی وا لێرە
شیعرێک . هەڵت ئەگرێ بۆ مێژوو
کتێبێک ئەتنێتە سەر ڕەفەی لەیادچوونەوە
پیاوێک پرت ئەکا لەیاخی بوون!؟
هەقی خۆتە چیم پێ ئەڵێی پێم بڵێ
نکوولی لەوە ناکەم
شەکەتی دوای زریانێکی وێرانکەرم و
بەدوای خەونەکانی دوای خوێندنەوەی
فنجانێکدا وێڵ بووم، وێڵ!
تۆ لەبیرتە ئەو ڕۆژەی ژنێک
سەیری لەپی دەستی چەپی کردم و
پێی وتم:
هەرچیت هەیە لەدەستی ئەدەی؟
زەمەنێک نامۆیی ئەتگرێنێ و
چەندین زستان
«تەرزە» خۆی نادا لە پەنجەرەی چاوەڕوانیت؟
ئەمشەو، چ ئاگرێکە ئەمکاتە سووتوی دڵڕەقی
چ گریانێکە
غەرقم ئەکا لە پەشیمانی؟
دە پێی بڵێ
با ئەمشەو
شیعرێک نەمکا بە مەزە و
شیعرێک نەمکاتە پێکی شەراب و


www.pertwk.com

لە چاوی ژنە قەرەجەکە فتم نەکا
هەتا ڕۆژێک
لە ژێر سێبەری دارێکی چاوەڕێدا
شکۆفەی ئەو گوڵە ئەنێمە ڕۆحمەوە و
«تەرزە» هەناسەم پڕ بکا لە بۆنی گەڕانەوە
دەپێی بڵێ
شەوی سەفەر زۆر بەمەلوولی
ماڵئاوایی لەشار کرد و
لەگەڵ ئەو زستانەدا
زۆر داباری بەسەر مناڵیدا و
بەدەم ڕێوە
پرچی نامۆیی دەسکەنە کرد و
گەلێک گلەیی دا لە بەرۆکی زەمەن
ئیدی بەسە
ئاهـ و ئەسەف
ئەوەی ڕۆیی ڕۆیی و ڕابورد
دە پێی بڵێ
بلێ ئەو ژنێک بوو
لەگەڵ ژانی دایکیا پڕبوو لەئ ازار
بەدەم گەورە بوونەوە
پڕ بوو لە ترس و
ئێستاش بەدەم چاوەڕوانییەوە
پڕپڕ بووە لە شیعرا!

هۆڵەندا، 10–12/ 10 / 2006


www.pertwk.com

## نامەیەکی پڕ لە عیشق بۆ نیشتمان

**هەموومان دایکمان خۆش ئەوێت و نیشتمانمان لا شیرینە. پێشکەشە بە هەموو دایکێکی دڵسۆز و بەسۆز، بەو دایکانەی کوڕانی ئازایان گەورەکرد، بەهەموو ئەو دایکانەی بوونەتە کۆیلەی زوڵم و دڵڕەقی کۆمەڵ و پیاو، پێشکەشە بەدایکم.**

**بیرت ئەکەم**
**نازانم ئەم غەمە گەورەیە**
**بخەمەئەستۆی کێ و**
**داخی دووریم**
**بنێمە گەردنی کام دەسەڵات؟**
**هەموو بەیانییەک**
**هەوری خۆڵەمێشی**
**ئەم نیشتمانەغەریبە**
**هێندەی کە جەستەم**
**شەکەت ئەکات**
**گڕی دووریم بەخۆری**
**پەلکەزێڕینەو گەرمی نیشتمانم**
**زیاتر بڵێسە ئەسێنێت**

**نیشتمانم!**

**ببوورەلێم**
**ئەزانم زامەکانی من**
**دڵۆپێکن لە دەریای زامەکانی تۆ**
**ئەشزانم ئازارەکانم**
**هەڵقوڵاوی ئازارەکانی تۆن**
**نیشتمانەبۆنخۆشەکەم**
**لەبیرمەکاتی مناڵیم**
**زۆرم حەز بەدیمەنی**
**گژوگیا و  سەوزایی بوو**
**شەیدای جوانی گوڵە بەیبوون بووم**
**عەسرانی بەهاران**
**بەرەو دەنگی ئەو دەهۆڵ و زوڕنایە**
**ڕام ئەکرد**
**کە لە (کارێزی وەستا شەریف) ەوە**
**ئەگەیشتە بن دەرگایماڵمان،**
**بەدوای قەمەرەی**
**ئەو بووکانەیا ڕام ئەکرد**
**کە بەناوشارا ئەیانگێڕان،**
**(گردی سەیوان)**
**ڕۆژانی  هەینی دەبوە**
**جێی سەیرانی ڕەش پۆشەکان،**
**بۆ دیدەنی کەسوکار**
**ئەچووینە بن سێبەری**
**دارئەرخەوان،**
**نیشتمانم دڵنیابە**

ئێستاش کەبیرم دێتەوە
دەستی خۆم ئەشکێنم
لەسەر بڕینی لق و
پەڕپەڕبوونی گوڵی
دارئەرخەوان!

ئای نیشتمانم
ئامێزت چەند گەرم بوو
ئەوشەوانەی، کوڕانی شاخ
سەرکۆڵان و بن دیواریان ئەگرت و
تەواریی و قوات خاسەیان ئەدایە
بەر ڕێچکەی گوللەباران،
ئەو شەوە تا دەمەو بەیان
هەواڵی سەرکەوتنم ئەبیست
خەوم لەچاو ئەتارێن،
کەپێشمەرگەیەک شەهید ئەبوو
ژنان بەدزیەوە ڕوومەتیان ئەڕنی و
ئاسمان فرمێسکی ئەباران.

نیشتمانم دڵنیابە
نوکتە بەنوکتە و
دێڕ بەدێڕی ڕۆژەکانتم
وەک ئایەتێکی پیرۆز
لەسینەمدا هەڵگرتوون و
بۆ من بوونەتە سەرچاوەی

**شیعرو پەخشان،**
**نیشتمانم**
**لێم ببوورە**
**چۆن بتوانم ئەجری گەورەیی و**
**میهرەبانیت بدەمەوە**
**گەر لە ئێستاوە تامردن**
**باڵات بگرمە وشەو**
**جوانیت  شیعرباران بکەم؟!**

**نیشتمانم**
**بمبەخشە**
**خۆم ئەزانم کچێکی دڵڕەق بووم و**
**باوەشی پڕ لەنازی تۆم بەجێهێشت،**
**وام ئەزانی کەوتوویتە**
**نازو نیعمەتی ئازادییەوە و**
**غەم ناخۆی بۆ ئێمەی غەریبان!**
**کەسێ نییە**
**دەستێکی سۆز بهێنێ**
**بەسەرو پەرچەمی بەفرینتا،**
**کیسەیەک خەنە بگرێتەوە**
**بۆ دەست و پەنجەکانت و**
**دەستێک جلی سوور بدورێ**
**تا فڕێی بدەیت بەرگی**
**ڕەشی ئاودامان.**

**بیرت ئەکەم**
**خۆشم ئەوێی**
**بەقەد جوانی**
**بەقەد ژیان**
**بەقەد دارهەناره شیرینەکەی**
**حەوشەفرۆشراوەکەمان**
**بەقەد شیعر**
**بەقەد «نالی» و «گۆران»**
**بەقەد ژمارەی هەموو گوڵە بەیبوونەکان**
**دەبمبەخشە**
**ئەزانم،**
**من کچێکی بێ مروەت بووم و**
**دایکە نیشتمانم تۆران،**
**بەچی ئەمبەخشیت؟**
**بە سوێند، بە خۆشەویستی**
**بەگریان؟**
**بە ئەنفال یان هەڵەبجە؟!**
**بەخوێنی شەهیدان و**
**مەرگی یاران**
**یان هەتا رۆژی مردن**
**باڵات بگرمەوشە و**
**جوانیت بکەم شیعرباران.**

**ئەی بەخشندەترین دایک**
**ئەزانم**

**دڵت هێند گەورەیە**
**کەجێگەی ئەو هەموو ناحەزی و**
**درۆ و گەندەڵییە بگرێت**
**چۆن جێی منێک ناکاتەوە؟**
**کەلە عەشقی تۆ**
**لە جوانی تۆ**
**بەسروودی "ئەی ڕەقیب" ی تۆ**
**دەستم قەڵەمی گرتووەو**
**وشە ئەهۆنمەوە**
**تا بۆ تۆی بکەم باڵاگەردان.**

**نیشتمانم**
**من لەبیرمە**
**گەر پیری لەبیری تۆی نەبردبێتەوە!**
**بەهاران وەرزی سەیران**
**لەگەڵ گەڕەک کۆ دەبووینەوە**
**ئەچووین بەرەو (دوکان)**
**لەئامێزی دەشت و شاخا**
**ڕۆژمان ئەگوزەران،**
**دەمەو ئێوارە ئەگەڕاینەوەو**
**سەرمان ئەدا لە (کۆتەڵ)، (باخی بەختیاری)**
**لە(سەرچنار) و (قلیاسان)**
**چەندەجوان بوویت**
**تاجێ لەگوڵە نێرگزت**
**نابوە سەرت و فەقیانەکانت پڕ ببوون**


www.pertwk.com

لەگوڵاڵە سوورە و
سوخمەکەت گرتبووی
بۆنی گوڵە شەهلا و
حەسوودیان پێ ئەبردی
کچان و ژنان
دەبمبەخشە
وەسفی جوانی تۆ کەی بەمن ئەکرێت؟
چۆن بتوانم؟
بە وشە لە دڵت دەر بکەم
داخ و زوڵمی زەمان.

ئەی میهرەبانترین دایک
ئەی باوەشی داستانی پەنا بەرد و
شاخی پڕ لە ئەشکەوت و
سنگی ئارامی دلێران
وامدەزانی دڵخۆشیت و
نەماوە دەمی کۆیلەتی و
دەورت گیراوە بەدڵسۆزان!
نەمدەزانی سەدان «پلکە ڕەعنا»
هێشتا بۆ شوێنی ژیان ئەڕێژن
فرمێسک وەکو باران!
نەمدەزانی
هەڵەبجە هێشتا لەسەر گازی پشت
لەناو جێدا کەوتووە و
حەبیبەکان بێنازن و

**سەرلێشێواون «نالی»یەکان**
**لاوانی دڵ پڕ لە قین**
**ئەڕژێنە سەر جادەکان**
**ئەنفالەکان، بۆ پاکیزە فرۆشراوەکان**
**بۆ سۆراخی بووک و زاواکان**
**وشکی نەکردووە فرمێسکیان**
**چاوەڕێن و چاو لەڕێن**
**نیشتمانم نەمدەزانی**
**هێشتا شەهید بوون بەرگەو**
**بە باڵای لاوان ئەبڕێت و**
**ئەشکەنجەو زوڵم و نەزانی**
**گڕ بەر ئەدەنە جەستەی ژنان**

**نیشتمانم**
**بیرت ئەکەم**
**ئەی دڵگیرترین هەوار**
**شیرین ترین کانی و**
**بۆنخۆشتر لە بۆنی**
**هەموو گوڵەکان**
**چۆن ئەجری تۆ بەمن ئەدرێتەوە؟**
**کەی ئەمبەخشیت**
**کاتێ باڵام لە ووشە گرتی و**
**جوانیتم کرد شیعر باران؟!**

هۆلەندا، 05-05-2006


www.pertwk.com

## ئەو یاداشتانەی بۆ دەریام ئەخوێندنەوە

1
دایکم ئای لە دایکم
چەند ترسنۆک بوو!
نەکا باوکم لە گریانم بەئاگابێت
هێندەی ڕائەژاندم بە عاستەم
ئێستاش شەکەتی گریدانی دەسرازەم و
پڕ لەترس و ژانە جەستەم!

2
باوکم
باوکم یەکەم جار کوشتمی
هەر کە پێناسی کەژاڵێکی مردووی
بە باڵام بڕی
لە گۆڕی ژیان
بە زیندوویی ناشتمی!

3
بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم نەمرم

لەجیاتی کفنی سپی
تارای سووریان پێدادام
کەچی
لەم گۆڕستانە
جەستەیەکی هەڵوەدام!

4
چەن ئەستەمە
من بەم بچووکییە و
نیفاق بەو گەورەییە
دەستەو یەخە بوەستین!

5
لێم مەپرسن
من بەچی پێئەکەنم
دڵنیام
ئێوەش هەر بەوە پێئەکەنن!

6
هەرکە موچوڕکی ترسێک
جەستەم ڕائەچڵەکێنێت
قەڵەمێک ئەگرمە دەستم
ڕوخساری گوڵە بەیبوونێک
ئەکێشمەوە و
ڕووبەڕووی ڕادەوەستم!

7
پێم پێمەکەنن
چەند ئەترسم
من لە مردن خوایە گیان
مافی خۆمە
گەر لە مردن یاخی بم و
ترسم هەبێت لە ژیان!

8
حەزم لە شێتییەکە
بەڵام
هێشتا فەنی شێت بوون فێر نەبووم

9
چەن گەمژە بووم ئەو شەوانەی
کتێبخانەکەم پڕ بوو لە ڕۆمان
کەچی وەکو تووتی
گوڵەبەرۆژەم ئەقرتان

10
سەیرم مەکە
من هەمیشە
لە تێڕوانینی قووڵ ئەترسم

11
ئەوەی بەجوانی لە دەستمدا


www.pertwk.com

**ئێستا**
**بەپیری بەدوایدا ئەگەڕێم!**

12
**ئاوێنەکەم ووتی:**
**سوێندت بۆ ئەخۆم**
**بەچاوی هەردووکمان**
**دووچاوی کەژاڵت پێوە لکاون**

13
**ئاوینەکەم ووتی:**
**جاران قژت لوول و ڕەش بوو**
**ئێستا گۆڕاوە**
**گەلێک جوانترە**
**هەم ڕەنگی سوورە و**
**هەم زۆریش خاوە!!**

14
**زۆر دەمێکە**
**تژیم لە وشە**
**بە منالی لە ترسی گەورەکان**
**ئەمنووسین و ئەمدڕاندن**
**کە گەورەبووم**
**لە ترسی پیاوێک**
**ئەمکردنە گەردنی شیعرێک و**
**ئەمسووتاندن!**

**کەچی ئێستا وەک ڕستە زەنگییانەی شین**
**ئەیانهۆنمەوە و لە گەردنمیان**
**دەئاڵێنم وەکو ئاشق**
**لە ئامێزما ئەیانخەوێنم،**
**بەئارەزوو ماچم ئەکەن و**
**کەسێک پێم ناڵێت**
**وازیان لێ بێنم؟**

15
**نازانم بۆچی هێندە ئاشق بە دەریام**
**گەر بەمن با**
**لەسەر شانی شەپۆلێکی ماڵم هەبا و**
**ڕوانیبام!**

16
**کە باران ئەبارێت**
**چەترەکەم هەڵنادەم**
**پێم خۆشە بە ئارەزوو تەڕم کا**
**ئەڵێم نەبا بەرێکەوت دڵۆپێکی**
**هەناسەی تۆی تێکەڵ بێت!**

17
**ئەزانم خۆشت ئەوێم**
**چون دڵنیام**
**هێندەی چاوی ماسییەکان**
**خۆشم ئەوێی**


www.pertwk.com

18
زۆر ئەترسم
کاتێک مردن بەرەو ڕووم بێت
توانای هەڵاتنم نەبێت

19
چیدی باسی بەرائەتی منالّی ناکەم
هێندە ناو کتێب و دەفتەرەکانم گەڕابوون
سیخناخەیان کردبووم
لە ڕق!

20
کە گەورە بووم
زانیم بۆچی
تارای سوور ئەدەن
بەڕوخساری بووکا!

21
پەنجەرەکەم پێم ئەڵێت:
تۆ نەبوویتایە
دەمێ بوو، تەنهایی کوشتبوومی

22
قەڵەمەکەم پێم ئەڵێت:
چەند بەختیارم
ژنێک بۆ ئەبەد ئاشقم بووە


www.pertwk.com

23
کە نەنکم مرد
ئینجا زانیم
بۆچی بە دزییەوە جگەرەی ئەکێشا و
بەدزییەوە ئەچووە حەمام و
بەدزیشەوە دەستنوێژی ئەگرت!؟

24
ئای چەن گێلین!!
گەر لە پێشبڕکێیەکا
پیتەکانی ناوی خۆمانمان لێبپرسن
ناتوانین بیانلێین
زۆر بەخێرا

25
تووڕەم مەکە
تاقەتی کۆکردنەوەی
پارچە شووشەم نییە و
حەزیش بەبۆنی
خەستەخانە ناکەم!

26
وەی خوایەگیان
لەم دونیایە
چۆن بۆتە جەنگەڵستان
هەموو گیاندارێکی دوو شاخ

**دوو قاچیان هەیە**

27
**ئەڵێن نیوەی سوعبەت ڕاستی یە**
**تکایە ئەو سوعبەتەم لەگەڵ مەکە و**
**پێم مەڵێ: خۆشم ئەوێی!**

28
**خۆزگە گوڵە بەیبوون**
**گوێی ئەبوو**
**بە دوو پارچە شیعری غەزەل**
**دڵیم ئەدزی**

29
**خۆزگە گوڵە بەیبوون**
**چاوی ئەبوو**
**بە دوو نیگا و چاو داگرتنێک**
**شێتم ئەکرد**

30
**خۆزگە گوڵە بەیبوون**
**دوو لێوی ئەبوو**
**تژی ئەبووم لە ماچ!**

هۆلەندا 2006

# من و پەنجەرەکەی هاوڕێم

**که شەو دادێت**
**دەبمە هاوڕێی پەنجەرەیەک**
**ئەو وێنەی چاوەڕوانیم دەگرێ و**
**من بەسەر هێڵەکانی ڕوخسارمدا دەچمەوە**
**تا بزانم چەند وەرزە بووینەتە هاوڕێ**
**ئەو پەنجەرەیە هاوڕێمە**
**وەکو من تەنهایە!**
**حەزمان بە سەفەرە بۆ ڕابردوو**
**بۆ ئەودەمەی کلووی بەفر**
**شیعری لەبەردا ئەخوێندەوە**
**لەبەر خۆری چاوەکانیدا**
**زوقمی زستانی ئەوەراند**
**کاتێ گوڵ سەردانی وەرزی ئەکرد**
**ڕووەکە ساواکانی ئەهێنا**
**لەگەڵ هەنگەکاندا**
**فێری عیشق ئەبوون**
**وەرزێکی سارد پەپوولەی ئەتۆراند!**
**گوڵێکی ئەنایە ڕۆحییەوە**
**تا بۆ جەژنی سەری ساڵ بیدا لە بەرۆکی**

**هەر کە مانگ**
**شانی لەسەر چەپکێ ئە ستێرەدا ئەدات**
**ئەو پەنجەرەیە**
**چیرۆکی من ئەنووسێت**
**تاوێ وەکو لەیلا**
**بەدەوری پەرستگای جوولەکانا ئەمگێڕێ**
**تا ئەشکی مەجنون لەیاد بکەم**
**تاوێ لە ناوەندی دێرێکا دەمگرییێنێ**
**تا لەسەر سینەی وێنەیەک ژیر ئەبمەوە**
**یا ئەمکا بە دەنکە تەزبێحێک و**
**ئەمداتە دەست ڕەشپۆتینێ**
**تاوێ بۆ سەیران**
**تاوێ بۆ گریانم دێنێتەوە**
**لە چیرۆکی من بێزار نابێت**
**یا کل بۆ چاوی ژوان**
**یا خەندەی سەر لێوی بووک**
**تا وەکو جگەرەکەی دەستم**
**دەمکا بە سوتووی چیرۆکێ**

**شەو تەواو نابێت**
**من و پەنجەرەکە، بەرامبەرین**
**دوو تەنهاین!**
**من لەناو چاوی ئەودا ئەستێرە ئەچنمەوە**
**ئەو لە چاوی من ڕستە ئەسرێت**
**من، بۆ دەستی بووک و**

**ئەو بۆ گەردنی یادێک!**
**هاوڕێی مەنفام**
**چی لە یاد کەم، یادم دێنێتەوە**
**چیم هەیە وا لای ئەوە**
**بووکەشووشە کوڕانی!؟**
**ڕۆژە دوورەکان**
**پەنجەرەکەی هاوڕێم**
**هەر کە گریام**
**بۆنی هەناسەی گوڵەخوشەویستی**
**لە شان و ملم ئەپرژێنێ و**
**تەڕە داربییەک ئەکا بە سێبەر**
**بۆ تاسەی دەروونم.**

هۆڵەندا، 2005.06.23


www.pertwk.com

## ئەو ڕۆژەی ناوم لێنا تاوان

**ڕۆژێک ناوم لێنا**
**هەڵوەرینی ڕۆح**
**هەڵقرچانی گوڵە سوورەکان**
**کە بۆنیان ئەگەیشتە**
**سنووری دوور دوور!!**
**لە تاریکستانێکەوە**
**گەلە گورگێک**
**هاتبوونە ئەو دەربەندانەی**
**مەڕ و شوان و شێعر**
**پێکەوە باوەشیان بە سەمادا**
**کردبوو**
**پەنجەقڵیشاوەکانی باخ و**
**قاچە پێخاوسەکانی داربەڕوو**
**بە کێوێکەوە**
**لانکیان بۆ گولەباخ دادەتاشی**

**لە ڕۆژێکدا**
**ناوم لێنا بەهەڵمبوونی فرمێسک**
**نە دا ربە وادە گەیی**


www.pertwk.com

**خشەی گەڵاکانی بڕنێتەوە**
**نە مەل بەرەکانی لەو بنارە کۆ بکاتەوە،**
**هەموو شتێک جێما**
**سێبەر،**
**ئاگردان،**
**خۆشەویستی**
**ئەو هەوارە بوو بە بیابانێکی**
**ڕەنگ هەڵبزرکاو**
**کە ڕۆحەکان**
**هەڵوەرینە ناو دۆزەخی تاوانەوە،**
**هەموو شتێک کۆتایی هات**
**توولەڕێگاکان بزربوون**
**شمشاڵەکان**
**بوون بە ژێر پێی مۆتەکەوە**
**تاوانێک ماتەمێک**
**لە سەر تەقوینی زەمەن ڕوان**
**گۆڕخانەیەک**
**دەرگای بە مەرگ واڵا ئەکرد**
**بێدادگا هەزاران ڕۆح**
**لە خاچ ئەدران و**
**ملوانکەی شین ئەتۆرا**
**ئاخ چ ڕۆژێک بووا!**
**زام ئەچەقیە ژێر پێی خۆزگەوە و**
**چقڵ بە چاوی گوناها ئەچوو**
**لەو ڕۆژەوە**


www.pertwk.com

**گورگ لەو دەڤەرە**
**سەما لە سەر جەستەی تابووت ئەکا!**
**هەتاو ناگاتە ئەو گۆشەیە،**
**ڕۆحە هەڵوەریوەکان**
**بۆ شوانی ناچن**
**بۆ ژوان ناچن**
**بووکەشووشە**
**یاریی بە پەرچەمی کیژۆڵەیێ ناکا،**
**مەمکمژە دەم نانێتە ناو دەمی کورپەیەک**
**کانییە پڕ لە عیشقە سەرمەدییەکان**
**بوونەتە دەمی بورکان**
**خانووە داروخاوەکان**
**بە تاسەی لارولەنجەی هەنگاوێکەوەن**
**سەرەتاتکێی لەگەڵ بکەن!**
**ئاخ**
**لەو ڕۆژەوە**
**ئەو ڕۆژەی ناوم لێنا تاوان!!**

ساڵی 2000


www.pertwk.com

## با خۆمان گەورە کەینەوە

**پرسیار پرسیار**
**ئێمە گوێمان بە پرسیار کرایەوەو**
**بێزار نەبووین**
**ڕوخسارەکان**
**چاوە ماندووەکان**
**هەموو لایەک پڕن لە پرسیار**
**دەستەکان**
**ئاسمانیان بێزار کرد و**
**خۆمان بێزار نەبووین**
**نزاکان**
**قورس قورس**
**سەرناکەون!**
**هەموو سەرقاڵی پرسیارن**
**ئاوێنەکان هاتنە زمان**
**دیوارەکان پێیان گرت و**
**بێزار نەبووین**
**با خۆمان بگۆڕین!!**
**ئەو ئەقڵە پەڕیوانە کۆبکەینەوە**
**کە لە سەر پشتی بێشکە ئەپەڕین**


www.pertwk.com

**کاتێ ڕایان ئەژاندین**
**من ئەڵێم**
**با بە دوای مناڵیماندا بگەڕێین**
**ئای. کە دەنکی تەسبیح بە ئازارە و**
**شوڵکی تەڕ بە سوێیە و چەپۆک قورسە!**
**وەرن با بیان شکێنین**
**بیان پچڕێنین**
**با بێزار بین و**
**لە پرسیار یاخی ببین.**

**با مناڵ ببینەوە**
**هەر یەکەمان بچینەوە قوتابخانەی خۆی**
**مامۆستا فێری میهرەبانی بکەین**
**ڕاستەکانیان بدزین!؟**
**گۆڕەپانی قوتابخانە**
**پڕ بکەین لە سروود**
**وێنەی ڕەنگاوڕەنگ**
**بە دیوارەکانا هەڵواسین و**
**بە بەڕێوەبەر بڵێین**
**لەسەر خۆ!**
**یەکی دۆشەکچەیەکی لۆکەش بەرین**
**ئێمە ببین بە مامۆستا**
**خۆ گەورەبوونمان بینیوە**
**با نەترسین**
**شووشە شکاوەکان بگۆڕین و**


www.pertwk.com

**تەنکییەکان پڕ بکەینەوە ل ەئاو**
**با نەستەلە بفرۆشین!**
**وەرن بامناڵ ببینەوە**
**بە بووکە شووشە و تفەنگە تەختەکان بڵێین**
**شەڕ مەکەن!**
**بە خۆڵەپەتانی بڵێین**
**پیسمان نەکات و**
**لەبەر نانەواخانەکانا**
**بۆنی کولێرەی گەرم بکەین**
**وەرن وەرن**
**با پارشێوان ئێمە**
**دایک و باوکمان هەڵسێنین و**
**جەژنان ئێمە جلیان بۆ بکەین و**
**ڕۆژی کارت وەرگرتنیش**
**سەرو دیارییان بۆ بەرینەوە!؟**
**وەرن وەرن**
**با گوێی خۆمان**
**کەڕ بکەین لەپرسیار**
**بێزار ببین**
**ئەزانن مندالی چەند خۆشە؟**
**وەرن وەرن**
**با ئێمە ئیمتحانی گەورەکان بکەین**
**لە ژووری زەخیرەیا**
**سجنیان بکەین!**
**با شەڕە ئاو بکەین**


www.pertwk.com

**لە سەر دیوارەکان بنووسین**
**بە هەڵماتێن و بووک بووکێن**
**خۆمان هێندە سەرقاڵ بکەین**
**تا بیری پرسیارمان نەمێنێت**
**چونکە**
**ئێمە بەگەورەییش وەڵاممان پێنەبوو**
**ئەی بەمناڵی**
**چۆن وەڵام بدەینەوە؟**
**وەرن وەرن**
**با بۆشاییەکان**
**بە ڕاستی پڕ بکەینەوە**
**هەڵەو دروست دیاری بکەین**
**باسی جەنگی قادسیەی سەدام**
**بە درێژی بنووسین**
**با دەربچین!**
**بەسە ئەم هەموو سفرە**
**ئەم هەموو گوڵاڵە سوورەیەی**
**لەسەر کارتی تەمەنمان ڕێز بوون**
**وەرن وەرن**
**سەر لە نوێ**
**بە مۆڵگەکانی عومرمانا بگەرێین**
**کام مۆڵگەمان بیرکردووە**
**پشووی تیا بەین.**

**پرسیار پرسیار**

**ژیانمان هەر گەڕان بوو**
**بەدوای دۆزینەوەی وەڵاما و**
**هەر هەمووشی هەڵەبوون**
**ئەزانن بۆ؟**
**چونکە ئێمە بۆ ئیمتحان کتێبمان ئەخوێندەوەو**
**لەترسی مامۆستا شیعرمان**
**لەبەر ئەکرد**
**هەر بۆ دەرسی ئایین**
**ڕووسەریمان ئەپۆشی!**
**فێری خۆشەویستییان نەکردین**
**بۆیە ڕقمان لە یەکە**
**ئەوان وەفایان نەبوو**
**بۆیە ئێمەش نەمانزانی**
**لەو دیو دەرگاوە**
**گوێگرتنی گەورەکانمان ئەبینی**
**بۆیە فێر بووین**
**لە کۆڵان**
**زەمی یەکمان ئەبیست**
**بۆیە فێر بوون**
**لەسەر قەڵەم شەڕمان ئەکرد**
**بۆیە هەر فێری شەڕین!**
**بۆ هیچ لایەک نەیانئەبردین**
**بۆیە ون بووین و**
**هەر لای خوارەوە دایان ناین**
**بۆیە خۆمان بە گەورە نەزانی و**


www.pertwk.com

**بەزۆر ئەیانشتین**
**بۆیە ڕقمان لە حەمام بوو**
**وەرن وەرن**
**با مناڵ ببینەوە**
**هەموو هەڵەکانمان بە لاسیکی بۆنخۆش**
**بسڕینەوەو**
**سەر لەنوێ دارشتن بنووسین!**
**وەرن وەرن**
**با بە مامۆستا بڵێین**
**بۆ فێری داراو نەسرینت کردین کە**
**ڕۆژێک نەتوت دارا چییە؟**
**نەسرین کێیە؟**
**وەرن وەرن**
**با خۆمان فێر ببین**
**دەستی دارا و نەسرین**
**بنێینە ناو دەستی یەک**
**ئەوسا وەلام  ئەبارێت**
**خۆشەویستی شین ئەبێت و**
**وەفا ئەخۆینەوە و دونیا بەدەنگی هاواری**
**داراو نەسرین**
**پڕ ئەبێت لەگۆرانی**
**شەڕ کۆتایی دێت و**
**چیتر پرسیار ئەقڵمان ناکرۆژێت**
**وەرن وەرن**
**با سەرلەنوێ خۆمان گەورە بکەینەوە**

**قۆپی نەکەین**
**چەمۆڵە لەیەک نەنێین**
**تف نەکەین و پێی لێبخشێنین!**
**با چیتر بێشکە دروست نەکەین و**
**دەسرازە نەچنین**
**لەترسی مامۆستا**
**شیعر لەبەر نەکەین**
**وەرن وەرن**
**با گەورەبینەوە**
**گەورەبوونێک**
**زۆر زۆر، بەرز بەرز**
**پڕاو پڕ لەوەڵام**
**گەورەبوونێک بۆ ژیان**
**گەورە بوونێک**
**لێواولێو لە خۆشەویستی**
**ڕازاوە**
**بە گوڵ و**
**بە ماچ و**
**بە**
**ش**
**ی**
**ع**
**ر**
**.**

**هۆڵەندا،** 2006–08–09

## ئێوارەیەک بەر لەهاتنی مەرگ

**ئێوارەیەک ئەبم بە هۆرەیەکی حەزین و**
**ئینجانەیەک، خاڵی لەگوڵ**
**ئێوارەیەک ئەبم بە دوو کەوان () ی**
**خاڵی لە وشە**
**ئەو ئێوارەیە**
**شکانی دەنگەکان وەک کانییەکی خەواڵو**
**ترسی هاتنی مەرگ ئەنێتە مشت و**
**ڕۆحم بێسرەوتم**
**ئەو ئێوارەیە**
**(با) وەک پیرەدارێک بەتەوسەوە**
**گاڵتە بە ڕووت بوونەوەم ئەکات**
**لەبەردەم پاییزدا**
**ئەو ئێوارەیە**
**گوڵە هەناری سەر لێوەکانم**
**کۆچ ئەکەن**
**خۆشم ئەبمە قەڵەمێکی یاخی و**
**وشە هەنگوینییەکان لە ژێر دەستم ئەتارێن**

**ئەو ئێوارەیە**


www.pertwk.com

باوەشێکم پڕ لە هەناسە ساردی و
وەرزێک لەهەڵاتن،
فریای کۆکردنەوەی بوخچەکەم ناکەوم و
گەڵاکان دوور دوور
بۆ ژێر پێی بەفر جێدەهێڵم

زۆر دەمێکە
بەهار پێم ئەڵێت
ئەی ژن! بۆت نییە
سەیران لە لێڕەواری من سازبکەیت و
بۆنی عەتری شۆڕەبییەکم بەدیاری بنێریت
بۆ (ئەو)
بۆت نییە
لەژێر خوناوە بارانمدا سەما بکەیت،
تۆ کە لە جەنگێکی دوای تەتەر جێماویت و
دەماودەم لەگەڵ خەراباتی
ئەم زەمەنەدا گەورە بوویت،
چیدی بەڕەنگی من
خۆت ئارایشت نەکەیت،
لەکانی من تینوێتی بیابانی دڵت نەشکێنیت!

ئاخر من نەمئەزانی
کچی گوناهم
باوکم پشتاوپشت ئەچێتەوە سەر تاوان و
دایکیشم لەمێژە (ئەمیرەکان)


www.pertwk.com

پرچیان بڕیوەو بۆ سەمەری شەو
کردوویانە بە ڕەشماڵ
ئیدی لەوکاتەوە من ژنێکم
غەرقی قەهرو گەمەی دەم وەرزەکان!

من لە دڵڕەقی خاک و
لە بێڕەحمی ئاسمان گەیشتووم!
زەوی گەر دڵڕەقی گرتی
ڕێگە بە دڵۆپێک ئاو نادات
بستێ بیابان ماچ بکات و
ئاسمانیش گەرتووڕەبوو
هەر بە ئاو بەیداخی جەنگ
لە گەڵ حەیشمەتدا هەڵدەکات
ئاخر دارستان
هەمیشە گاڵتە بەدرەختی
زڕ ئەکات
داریش بە خەوی بن سێبەر پێئەکەنێت
ئەوانیش لە سولالەی تەبیعەتن و
هەمیشە ئەمبوغزێنن!

ئەی خودایە
من چۆن بتوانم ماڵێکی ئارام
لە نێو زەردەخەنەیەکدا بدۆزمەوە و
کەی لەگەڵ چیمەنا باوەش بە (ئاو) دا بکەین
منێک کە بەهار ترساندوومی،

**پاییز تاساندوومی و**
**بەفر پێم ئەڵێت**
**چاوەڕێ بە وا ئەبارێم**
**ئینجانەکانت کۆبکەرەوە،**
**نەمامەکانت بپێچەوە و**
**بە لاولاوی قەد پەنجەرەکەت بڵێ**
**شایەتمان بهێنێت**
**بەفر ئەڵێت**
**وا ئەبارێم**
**بە کوکوختییەکان بڵێ چیتر سەربە یەکدا نەکەون و**
**ئەو شانۆی پەپوولانەش بڕوخێنە!**
**من چاوەڕێم و ئەو نابارێت**
**ئای لەبەفر فێری چاوەڕوانی کردم**
**کەچی هەرنەباری!**

**من ژنی زەمەنێکم**
**دەردی قەیرە کچەکانی شار،**
**چاوی پڕ لە ڕقی ڕاوچییەک و**
**کۆچی باڵندە حەزینەکان ئەمگرێنن**
**بەدەستی خۆم**
**ئاگر لە جەستەی شیعرێکم بەرئەدەم،**
**جوانی خۆم ئەسپێرم بە ترپەی چرایەک**
**ئەشقیشم ئەبەخشم بەمردن،**
**ئاخر من زۆر لە مردن ئەترسم و**
**نامەوێت ئەو دیمەنە ببینم**

**نامەویت حەسرەتەکانم**
**وەک گوڵە ئەرخەوان هەڵوەرێن و**
**خۆزگەکانم وەک سووتووی نامەیەک**
**بدەمە دەم (با)!**
**ئاخر خودایە**
**ماچەکانی بەهار کەی گوڵ بگرن**
**کراسەکەی پاییز کەی لای خەیات بێنمەوە و**
**شاتووەکانی (ئەو) بەدیاری بۆی ناردووم**
**بیانکەمە خۆشاو**
**ئیتر مردنی چی؟**

**خۆ هێشتا هاوین نەهاتووە**
**ـ هێشوە ترێیەکم لە جوانی خۆی ـ**
**کوڵمەکانی سوورهەڵگەڕێن و**
**هەرمێیەکم لە تاو بێبارانی**
**ئاوس ببێت بە شیرینی؟**

**لە یادمە ڕۆژێک**
**لە مشتێ بەلاڵووک و**
**چەپکێ گوڵە بەیبوون و**
**ڕستێ مێخەک**
**ماڵێکم دروست کرد بۆ ژوان**
**کەچی (ئەو) نەهات**
**منیش بەدەم گریانەوە**
**سپاردم بە چەمێکی شێت**


www.pertwk.com

**لەو ڕۆژەوە**
**چاوەڕوانی هەڵکردنی (با) یەکم**
**فڕفڕۆکەکەی منالّیم بخولێنێتەوە!**

**من ژنێکم قەهر پڕی کردووم لە سەرشێتی**
**کردوومی بەکۆلارەیەکی کاغەز**
**هەرکە ئاسمان ڕقی هەستا**
**بەدەم زریانەوە ون ئەبم،**
**کردوومی بە جۆگەلەیەک**
**پڕ پڕ لەگەلاّ و**
**دارستانێک**
**دوور دوور لە خۆر،**
**خۆ هێشتا لە باخچەیەکدا نەڕواوم و**
**هێشتا پڕ نەبووم لە بۆنی خۆشەویستی**
**ئیدی مردنی چی؟**

**ئای لە ئەندێشە**
**نایەڵێت سەر بنێم بەسەری قومرییەکەوەو**
**لەگەڵ شەوێکا،**
**هێشوویەک ترێی شەرابی بەش بکەین**
**تێکەڵ بە ئازاری کردووم**
**ـ یەک تابلۆین بێڕەنگ و بێدەنگ ـ**
**نایەڵێت تامی ماچ بڕژێتە نێو پەرداخێکمەوە و**
**لەبەر سووتانی مۆمێکا**
**قەسیدەیەک بۆ سێبەری ئەشق بنووسمەوە و**


www.pertwk.com

لەگەڵ قەنارییەکا
لە کەنار دەریا پیاسەبکەین
ئاخر کەی
نوشتەیەکی چاوەزار هەڵواسم بە دەرگاکەما و
ئینجانەیەک پڕ لە ڕەیحانەش
لەبەردەم بەیانییەکما دابنێم؟

من لە شارێکم
بۆنی مەنفا لە کۆڵان و شەقامەکانی هەڵئەسێت و
دەمامکی شەرم ئەدا لەڕووخساری گوڵاڵە سوورە
زەمەنێکە بە دوای دۆزینەوەی
حەقیقەتی خۆم و هاوڕێیەتی ئازارا
چاوەکان چێ ئەکەم،
هەر کە بێزار بووم
سەردانێکی دەریا دەکەم و چیرۆکی  خۆم
ئەدەمە دەم شەپۆلەکان
منی تەنیا لە دەریا تەنیاتر و
منی پڕلە ئازار لەخۆم پڕ ئازارتر
لە سەر زەویم ئاگر شین ئەبێت و
کاروانی گەڕانەوە بۆ ژیان بێرەدا گوزەرناکات
منی پڕ لە بۆنی مەرگ
هەرکە پۆرترێتی دیوی ناوەوەی ڕۆحم ئەبینم
ئەو گۆرانییەم گوێ لێدەبێت
کە لەمەرگستان میلۆدیایان بۆ داناوەو
چیرۆکی سەربڕینی ئەو ڕۆژەم دێنێتەوە یاد

**کە گوڵە بەیبوونی سەر یەخەمیان لەخاچ دا و**
**نەیانهێشت پڕ بم لەتامی چرپەکانی!**
**من کە لە ئازار جودا نەکرێمەوە و**
**حەقیقەتی مردنم نەدۆزیبێتەوە**
**ئیدی مردنی چی خودایە؟**

هۆلەندا، 29 – 30 – 31 – 1 / 2007


www.pertwk.com